گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦

ژمارەی تۆماری نێودەلەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# کاریگەری پەیامی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە زیادبوونی گوتاری ڕق و کینە دەرهەق بە ئێزیدییەکان لە هەرێمی کوردستان.

**ئاڤان فارس ئەسعەد**

بەشی ڕاگەیاندن ، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین – هەولێر ، هەرێمی کوردستان، عێراق

Avan.asaad@su.edu.krd

**ئاشنا دڵشاد مەجید**

بەشی تەکنیکی میدیا، کۆلیژی تەکنیکی کارگێڕیی، زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر، هەولێر ، هەرێمی کوردستان، عێراق

ashna.majeed@epu.edu.iq

## زانیاریەکانی توێژینەوە

**بەرواری توێژینەوە:**

وەرگرتن:٢٠٢٥/٦/١٥

پەسەندکردن:٢٠٢٥/٧/٣٠

بڵاو کردنەوە:پایز ٢٠٢٦

**ووشە سەرەکییەکان**

کاریگەری، گوتاری ڕقوکینە، تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان، پێکهاتەی ئێزیدی

**Doi:**
10.25212/lfu.qzj.11.4.23

## پوختە

ئەم توێژینەوەیە بە ئامانجی زانینی کاریگەرییەکانی پەیامی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر زیادبوونی گوتاری ڕقوکینە ئەنجامدراوە. هەروەها دیاریکردنی ئەو هۆکارانەی کە کاریگەرن لەسەر بڵاوبوونەوەی گوتاری ڕق و کینە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەرهەق بە ئێزیدییەکان ، بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجەیش؛ پێکهاتەی ئیزیدی وەکو کۆمەڵگەی توێژینەوەکە وەرگیراوە، نموونەی توێژینەوەکە بریتییە لە (200) هاوڵاتی ئیزیدی، ئەم توێژینەوەیە لە ڕووی میتۆدییەوە وەسفی ڕووپێوییە بە بەکارهێنانی ئامرازی فۆرمی ڕاپرسی، دواتر بە سوودوەرگرتن لە پرۆگرامی ئاماریی SPSS، دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە شیکراونەتەوە، توێژەران گەیشتوون بە چەند دەرئەنجامێک:

زۆربەی نموونەی توێژینەوەکە تێبینی زیادبوونی گوتاری ڕق و کینەیان کردووە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، بۆیە ئەنجامەکە دەریدەخات تۆڕە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کۆمەڵایەتییە کوردییەکان لە ڕێگەی پەیامەکانییەوە کاریگەری خراپییان هەبووە لە بڵاوکردنەوەی ئەم جۆرە گوتارانە و نەیانتوانوە ڕیگری لێبکەن. ئەو گوتارانەی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییە کوردییەکان لە هەرێمی کوردستان بڵاودەکرێنەوە، کاریگەری کلتوری و ئاینی هەبووە لەسەر پێکهاتەی ئێزیدی وبە پلەی دووەم کاریگەری کۆمەلایەتی هەبووە، کە ئەم کاریگەرییە وا دەکات سروشتی پێکەوە ژیانی ئاینی و کۆمەڵایەتی لە هەرێمی کوردستان کاڵ بکاتەوە، یاخوود ئەم کاریگەرییە ببیتە هۆکار بۆ کۆچی پێکهاتە ئاینی و نەتەوەیەکان لە هەرێمی کوردستان

## پێشەکی:

سەرهەڵدانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان پەیوەندییەکانی گۆڕیوە، سەکۆیەکی بۆ خێرا بڵاوکردنەوەی زانیاری و پەیوەندی جیهانی دابینکردووە. بەڵام هاوشانی سوودەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ئاسانکاری بۆ بڵاوبوونەوەی گوتاری ڕقوکینە کردووە، بەتایبەتی دژی پێکهاتەکان. لە هەرێمی کوردستانی عێراق، کە هەرێمێکی مۆزایکە، پڕە لە کەلتوور و پێکهاتەی ئاینی و نەتەوەیی ، تێیدا پێکهاتەی ئێزیدی لە مێژووی دوورودرێژیاندا بەهۆی جیاوازی ئاینی و بیروباوەڕیانەوە چەندین جار لەلایەن گروپە توندڕەوەکانەوە بە جینۆساید و گۆشەگیریی سیستماتیکی کراونەتە ئامانج- بەتایبەتی دوای هێرشەکانی ڕێکخراوی تیرۆرستی داعش لە ساڵی ٢٠١٤ کە ئێزیدییەکانی تووشی کوشتنی بەکۆمەڵ و کۆیلایەتی سێکسی و ئاوارەبوون کران، پێکهاتەکە لە نێوان هەڵاواردنی بەردەوامدا خەباتی کردووە بۆ چاکبوونەوە. لەم ساڵانەی دواییدا تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان وەکو ئامرازێک بەکارهاتووە بۆ بڵاوکردنەوەی ئەو پەیامانەی پەیوەستن بە ئێزیدییەکانەوە.

ئەم توێژینەوەیە گرنگی دەدات بە کاریگەری ئەو پەیامانەی کە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییە کوردییەکان لە هەرێمی کوردستان بڵاودەکرینەوە بە ئاراستەی پێکهاتەی ئێزیدی. توێژەران لە هەولدان بزانن تا چەند ئەو پەیامانە ڕۆڵی هەبووە لە بڵاوکردنەوەی گوتاری ڕقوکینە و کاریگەرییەکانی ئەو پەیامانە چین لەسەر پێکهاتەی ئیزیدی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی هەرێمی کوردستان.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# تەوەری یەکەم
# ڕێبازنامەی توێژینەوە

## 1.1: کێشەی توێژینەوە

لەگەڵ ئەوەی ڕۆژ بە ڕۆژ بەکارهێنانەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و بڵاوکردنەوەی پەیام و ناوەڕۆکە میدیاییەکان ڕوو لە زیادبوونە، ئەم زیادبوونە کاریگەری هەیە لەسەر دروستکردن و بڵاوبوونەوەی گوتاری ڕق وکینە دەرهەق بەو کۆمەڵانەی کە ئاینی و نەتەوەی دیاریکراویان هەیە و بە هۆی بوونی جیاوازییان لەو ژینگە فرە ئاینی و نەتەوەییە ڕووبەڕووی ئەو گوتارانە دەبنەوە کە دەبێتە هۆی تێکدانی ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی و ئاینی، ئەم توێژینەوەیە هەوڵ دەدات بزانێت پەیامی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە هەرێمی کوردستان کاریگەری هەیە لەسەر زیادبوونی گوتاری ڕق و کینە بەرامبەر پێکهاتەی ئێزیدی

## 2.1:بایەخی توێژینەوە

توێژینەوەکە لە ڕووی زانستییەوە گرنگە و سەرچاوەیەکی زانستییە بۆ توێژەران و دەتوانن پشتی پێببەستن. هاوکات لە ڕووی کۆمەڵگەوە گرنگە، چوونکە ڕۆڵی دەبێت لە کەمکردنەوەی کێشەکانی کۆمەڵگە کە لە ئەنجامی گوتاری ڕق و کینەوە دروست دەبێت لەسەر پێکهاتە ئاینی و نەتەوەییەکان. لە ڕووی پراکتیکیشەوە گرنگ دەبێت بۆ میدیاکاران و دەزگاکانی میدیا؛ لە بڵاوکردنەوەی ئەو گوتارە میدیایانەی دەبنە هۆی ئاشتەوایی کۆمەڵگە و ڕێگریکردن لە بڵاوبوونەوەی گوتاری ڕقوکینە.

## 3.1: ئامانجەکانی توێژینەوە:

ئەم توێژینەوەیە چەند ئامانجێکی هەیە:

1. زانینی کاریگەریی پەیامی تۆڕە کۆمەڵەیەتییەکان لەسەر بڵاوبوونەوەی گوتاری رقوکینە لە دژی ئیزیدییەکان.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

2. دیارییکردنی هۆکارە کاریگەرەکانی گوتاری ڕقوکینە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان.
3. دیاریکردنی بنەمای هاوسەنگی و بێلایەنی لە نێو پەیامە میدیاییەکان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان
4. دەرخستنی هەنگاوەکانی چارەسەر بۆ گوتاری ڕقوکینە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییە کوردیەکاندا.

### 4.1: پرسیارەکانی توێژینەوە

1. ئایا سۆشیاڵ میدیای کوردیی بەشێوەیەکی هاوسەنگ و بێلایەن؛ پرسی ئێزیدییەکان دەگوازنەوە؟
2. ئایا پەیامی تۆڕە کۆمەڵایەتییە کورددیەکانی هەرێمی کوردستان تاچەند کاریگەری لەسەر بڵاوبوونەوەی گوتاری ڕقوکینە لە دژی ئێزیدییەکان هەبووە؟
3. هۆکارەکاریگەرەکانی گوتاری ڕقوکینەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەرهەق بە ئێزیدییەکان کامانەن؟
4. ڕێگاکانی چارەسەرکردنی ئەم پرسە چین؟

### 5.1: ڕێبازی توێژینەوەکە

ئەم تویژینەوە لە جۆری توێژینەوەی وەسفی-ڕێبازی ڕاپێوییە، بۆ گەیشتن بە دەرئەنجامی ڕاست و دروست و زانستی، تویژەر پشتی بە ئامرازی فۆرمی ڕاپرسی بەستووە وەکو کەرەستەی کۆکردنەوەی داتا و زانیاری سوودی لێوەرگرتووە.

### 6.1:کۆمەڵگە و نموونەی توێژینەوەکە

کۆمەڵگەی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە پێکهاتەی ئێزیدی لە هەرێمی کوردستان، نموونەی توێژینەوەکە بریتییە لە(200) هاوڵاتی ئێزیدی بەکارهێنەری تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە هەرێمی کوردستان

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## 7.1: جێگیریی فۆرمی ڕاپرسی

نەخشەی (1) زانیاری تایبەت به جیگیری (مقایس کرونباخ الفا) بۆ پرسیارەکانی تایبەت بە توێژینەوەکە بە شیوەیەکی گشتی , دەردەکەویت بەهای جێگیری بە شێوەیەکی گشتی بە ڕێگەی (مقایس کرونباخ الفا) دەکاتە (0.825) کە گەورەترە لە بەهای (0.65) دەردەخات بەهایەکی باش دەردەخات , ئاماژەیە بۆ جیگیری باش لە پرسیارەکاندا.

**نەخشەی: 1**

**بەهای جێگیری**

| پێوەری گشتی | بەهای جێگیریی |
|---|---|
| پێوەری کرونباخ الفا | 0.825 |

## 8.1: سنوری توێژینەوە

١. سنوری کات: ئەم توێژینەوەیە لایەنی بۆ لایەنی پراکتیکییەکەی کە دابەشکردنی فۆرمی ڕاپرسی و وەرگرتنەوەی وەڵامی پرسیاری فۆرمەکە بوو، کاتەکەی لە ٢٠٢٥/٣/١-٢٠٢٥/٤/٢٠ خایاندووە

٢. سنوری شوێن: توێژینەوەکە لە هەرێمی کوردستان بە ئەنجام گەیەندراوە، چونکە پەیامەکان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە هەرێمی کوردستانەوە سەرچاوە دەگرن و پێکهاتەی ئێزیدیش لە ناوچە جیاجیاکانی هەرێمی کوردستان نیشتەجێن

٣. سنوری مرۆیی: لەم توێژینەوەیەدا (٢٠٠) هاوڵاتی لە پێکهاتەی ئیزیدی وەرگیراون، ئەوانەی کە بەکارهێنەری تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانن

## 9.1: توێژینەوەکانی پێشوو

**1.9.1: توێژینەوەی (ئاسۆ قادر شێخ محمد)، ٢٠٢٢ بە ناونیشانی" ڕۆڵی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە تەشەنەکردنی گوتاری رکوکینە لە هەرێمی کوردستان"، نامەی ماستەرە پێشکەشی زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر-کۆلێژی تەکنیکی کارگێڕی- ڕاگەیاندنی کردووە.** ئەم

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

توێژینەوەیە لە توێژینەوە وەسفییەکانە، پشت بە ڕێبازی شیکردنەوەی ناوەڕۆک بەستراوە و نموونەی ئەم توێژینەوەیە پەڕەی فەیسبووکی (٦) ماڵپەڕی ئەلیکترۆنییە، ئامانجی توێژینەوەکە بریتییە لە دیاریکردنی ڕۆڵی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە بڵاوکردنەوەی گوتاری ڕق و کینە، هەروەها دیاریکردنی ژیدەرەکانی گوتاری ڕق و کینە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان. گرنگترین ئەو دەرئەنجامانەی توێژەر پێی گەیشتووە بریتییە لە: گوتاری ڕقوکینە بە شێوازای جیاواز و لە سەر ئاستی جودادا کەڵەکە بووە لە میدیای کوردیدا بە گشتی و بە تایبەتی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا کە فەیسبووک بەربڵاوترینیانە لە هەرێمی کوردستاندا. گوتاری ڕقوکینە لە حالەت و دیاردە دەرچووە و خەریکە دەبێتە نەخۆشییەکی کۆمەڵایەتی کە وەک شانە تووشبووەکانی شێرپەنجە بە هەڕەمەکی زیاد دەکا و بڵاودەبێتەوە. لێکەوتەکانی گوتاری ڕقوکینە لە هەرێمی کوردستان بوونەتە هۆکاری لێکترازانی سیاسی و کۆمەڵایەتی، ڕووبەری لێبووردەیی و پێکەوە ژیانی لە تێهزرین و دونیا بینی تاکەکان بچووک کردۆتەوە.

**2.9.1: توێژینەوەی (میثم فالح حسین، ٢٠٢٣)، بە ناونیشانی "تاثیر خطاب الكراهية في مواقع التواصل الاجتماعي على طلبة الجامعات و انعكاسها على الهوية الوطنية" لە ( كليه الاداب- جامعة الواسط) ئەنجامدراوەو لە گۆڤاری (مجلة لارك) بە ژمارە ٥١ بڵاوکراوەتەوە.**

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە ناساندنی چەمکی گوتاری ڕقوکینە و فۆرم و کاریگەرییە ڕەفتارییەکانیەتی کە لە ئەنجامی بڵاوبوونەوەی ئەم گوتارانە دروست دەبن، هەروەها ڕۆڵی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە بەرەنگاربوونەوە گوتاری ڕقەبەری و کاریگەری لەسەر بەها کۆمەڵایەتی و ئاینییەکان، بۆ گەیشتن بەم ئامانجە توێژەر پشتی بە ڕێبازی شیکاریی وەسفی بەستووە و ئامرازی فۆرمی ڕاپرسی بەکارهێناوە، کۆمەڵگەی توێژینەوەکەی قوتابیانی زانکۆکانی عێراقە و نموونەی توێژینەوەکەی (٢٩٠) قوتابی بەکارهێنەری تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانە. ئەو دەرئەنجامانەی توێژەر لەم توێژینەوە پێی گەیشتووە بریتییە لە: بەشێکی زۆری بەرتوێژان پێیان وایە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ڕۆڵیان هەیە لە بڵاوبوونەوەی گوتاری ڕقوکینە و توندبوونەوەی ململانێکان. هاوکات ڕێژەیەکی ماماوەندیش پێیان وایە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان گفتوگۆ بەرەو پێش دەبات

و گوتاری ڕقەبەری سنوردار دەکات و پابەندبوونی خەلك بە ئایین و بەها سیاسییەکان کەم دەکاتەوە.

**3.9.1: توێژینەوەی (د.ئادەم بێدار)، واقیعی پێکەوەژیان و قبوڵکردنی ئەوانی تر و گوتاری ڕق و کینە لەسەر بنەمای ئایینی لە نێوان نموونەیەک لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان-عێراق ٢٠١٦.** ئەم توێژینەوەیە توێژینەوەیەکی وەسفی ڕووپێوییە، ئامرازی فۆرمی ڕاپرسی تێدا بەکارهاتووە بەسەر چوار گروپ لە گەنجانی شارەکانی (هەولێر، سلێمانی، دهۆک، هەلەبجە) دابەشکراوە بۆ گەیشتن بە وەڵامی پرسیارەکان. ئامانجی ئەوەیە بە شێوەیەکی زانستی و ئەکادیمی، لە کەلتووری پێکەوەژیانی خەڵکی هەرێمی کوردستان و تێڕوانینیەکان سەبارەت بە فرەچەشنی و قبوڵکردنی ئەوانی تر بکۆڵێتەوە، ئەم توێژینەوەیە گەیشتووە بە چەند دەرئەنجامێک: ڕێژەیەکی زۆر لە نموونەی توێژینەوەکە، سەردانی شوێنکەوتووانی ئاینەکانی دیکە ناکەن لە ماڵەکانیاندا بۆ بەشداریکردن لە بۆنە ئاینییەکانیان. ٣٠.٨٪ی نموونەی توێژینەوەکە گوتاری ڕق و کینە ڕەتناکەنەوە، ئەمە ئەنجامێکە پێویستی بە هەلوەستە لەسەر کردنێکی جدییە. چۆن دەبێت٣٠.٨٪ گوتاری ڕق و کینە ڕەت نەکەنەوە ئەگەر بۆیان پەخش بکرێت.

**4.9.1: توێژینەوەی (سعد سلوم، ٢٠١٩)، بە ناونیشانی "تنوعنا الديني؛ وسائل الاعلام العراقية وقضايا الاقليات الدينية"- لەلایەن ڕێکخراوی پاڵپشتی میدیای نێودەوڵەتی (IMS) بڵاوکراوەتەوە.** ئامانجی ئەم توێژینەوەیە تێگەیشتنە لەوەی کە میدیای عێراقی چۆن پێکهاتە ئایینی و نەتەوەییەکان پیشان دەدات کە لەو چوارچێوەیەدا هەن" بە تایبەت دوای ساڵانێک لە شەڕ و تیرۆر، کە کاریگەرییان لەسەر هەندێک پێکهاتەی نەتەوەیی و ئایینییەکان هەبووە". توێژینەوەکە "پێکهاتووە لە شیکردنەوەی ناوەڕۆک کە چوارچێوەدانانی پێکهاتەی ئایینی و نەتەوەییەکان و نوێنەرایەتیکردنیان لە میدیاکاندا دەستنیشان دەکات. ڕاسپاردەکانی بۆ بڕیاردەران و خاوەن میدیا عێراقییەکان لەخۆدەگرێت بۆ بەرەوپێشبردنی فرەچەشنی و مافی مرۆڤ و مافی پێکهاتەکان لە عێراقدا". تویژینەوەکە چەند راسپاردەیەکی پێشکەش بە میدیا عێراقییەکان کردووە، لەوانە: هاندانی ڕاگەیاندنە تایبەتەکان (کە لەلایەن گرووپە سیاسی و

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئاینییەکان و کەسانی تایبەتەوە پشگیری دارایی دەکرێن) بۆ تەرخانکردنی پەراوێزێکی زیاتر لە پەخشەکانیاندا یان پێدانی بابەتی زیاتری میدیایی لەو بارەیەوە ، لەبری ئەوەی تەنها جەخت بکەنەوە لەسەر ئە گەف و مەترسیانەی رووبەرووی ئەو کەمینانە دەبێتەوە. هاندانی دەزگەکانی میدیایی کە میوانداری ئەو کەسانە بکەن کە بونیادنەری ئاشتین و تەرکی بانگێشەکارانی دووبەرەکیو رق‌وکینە بکەن و هیچ سەکۆیەکی میدیاییان نەدەنێ، چونکە ڕاگەیاندنە نووسراو و بینراو و بیستراوەکان، و ڕاگەیاندنە کۆمەڵایەتییە نوێیەکان و تۆڕی ئینتەرنێت ڕۆڵێکی دووانە دەگێڕن، وەک چەکێکی دوولەپە، لە کاتێکدا دەبنە هۆی مشتومڕی فرەلایەنە لەسەر پرسە هەستیار و سەرنجڕاکێشەکان و دەتوانێ لە هەمان کاتدا لێبوردەی ئایینی بەهێز بکات ، هەروەها دەتوانێ ببێتە ئامرازێکی سەرەکی لە هاندانی بانگەواز بۆ ڕق و کینەی ئایینی و هاندانی جیاکاری یان دوژمنایەتی یان توندوتیژی دژی کەمینە ئایینییەکان.

## 10.1: چەمکە بەکارهاتووەکانی توێژینەوە

**1.10.1: کاریگەری:** بە واتای پرۆسەی کارتێکەری ئامراز، ڕووداو هۆکارێک دێت بەسەر تاک یان کۆمەڵ، واتا لەم توێژینەوەیە مەبەست لە کاریگەری پەیامی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانە لەسەر زیادبوونی گوتاری رقوکینە دەرهەق بە ئێزیدییەکان

**2.10.1: گوتاری ڕقوکینە:** مەبەست لەو قسە و ڕستانەیە کە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بلاودەکرێتەوە و هاندەرن بۆ زیادبوونی دەمارگیری، توندوتیژی لە دژی کەسێک یاخوود گروپێک، پێکهاتەیەک.

**3.10.1: تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان:** بریتییە لەو سەکۆ ئەلیکترۆنییانەی کە ڕێگە بە تاکەکان دەدات پەیوەندی دروست بکەن و بیروڕای خۆیان ئاڵوگۆڕ بکەن سەبارەت بەو بابەتانەی بلاودەکرێتەوە لەلایەن دەزگا میدیەکانەوە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**4.10.1: پێکهاتەی ئێزیدی:** پێکهاتەیەکی ئایینی کوردین و لە بنەچەدا دەگەڕێنەوە بۆ نەتەوە ئارياييەكان و بە شێوەزاری کرمانجی قسەدەکەن، زۆرینەیان لە ناوەڕاست و ڕۆژئاوای کوردستان دەژین، ئەوانی دیکەش لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ناوچە کێشە لەسەرەکانی هەرێمی کوردستان دەژین

## تەوەری دووەم:
## تیۆرییینامەی توێژینەوە

### 1.2: گوتاری ڕقوکینە لە پەیامی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی هەرێمی کوردستان

### 1.1.2: چەمکی گوتاری ڕقوکینە

هەرچەندە تا ئیستا پێناسەیەکی ورد و یەکلایکردەوە بۆ گوتاری رقوکینە نەکراوە، بەڵام دەتوانین بە گشتی وا پێناسەی گوتاری رقوکینە بکەین(شێوازێکە لە شێوازەکانی دەربڕینی گشتی(عام)، ئاڕاستەکراوە، بەکاردێت بۆ زمانی رق وجیاکاری و دژایەتی، یان هاندان و دنەدان دژ بە تاک یان کۆمەڵ لەسەر بنەمای ئاین و رەگ و یان رەگەزنامە و یان رەنگ یان هەر هۆیەکی دیکە، ئەگەر ریگری لەم جۆرە گوتارانە نەکرێت دەبێتەهۆی ئاژاوەگێری و ئەنجامدانی تاوانی رقوکینە دژ بە کۆمەڵە پەرێزخراوەکان.(اليونيسكو،٢٠١٥،ص٤٩).

لە پێناسەیەکی تردا هاتووە "بریتییە لە گوتارێك جەخت دەکاتەوە لەسەر ئەنجامدانی کاری توندوتیژی یان تاوانەکانی رق و کینە ئەویش بە خوڵقاندنی زەمینەیەك کە چەندین حوکمی پێشوەختە لەخۆدەگرێت لەگەڵ تێکدانی ئاسایش و سەلامەتی و وروژاندنی کینە و شێوازەکانی هەرەشە کە هاندەرە بۆ ئەنجامدانی تاوانەکانی رق و کینە".(السنوسی،٢٠٢٠،ل٦٥). بۆیە گوتاری رقوکینە هەمیشە بەکاردێت، بۆ قوڵبوونەوەی جیاکاری بەرامبەر گروپ و پێکهاتە و رەگەزی جیا، بۆیە هەمیشە لەو ناوچانەی پێکهاتەی ئایینی و نەتەوەی جیاجیا بوونیان هەیە یان بیروڕای جیاواز بوونیان هەیە زۆرترین گوتاری ڕق و کینە تێیدا دروست دەبێت. گوتاری رقوکینە ئاماژەیە

بۆ جیاکاری لە ژینگەیەکی جوگرافی بچووک، لە کۆمەڵگە و سنوورێکی دیاریکراو، پاشان فراوانبوونی بۆ کۆمەڵگەو سنوورێکی جوگرافی فراوان (مزوز:٢٠١٩،لا٣٢٩).

ئەم گوتارە رق و کینیە، فراوان دەبێت بۆ کۆی رەگەزە جیاوەکان و بۆ کۆی تاکەکانی کۆمەڵگە و گەشە دەکات، بۆ ئەوەی دواجار باوەرێک دروست بکات، باوەڕی بە جیاکاری و رەگەزپەرستی هەبێت، ئەو رۆشنبیرییە بڵاودەکاتەوە کە باوەڕی بە جیاکاری هەبێت (محمد،٢٠١٦،ص٧٦). ئەوکاتە مەترسی گوتاری رقوکینە زیاتر دەبێت کە مینبەری راگەیاندن و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەکاربێت، ئەم گوتارە ئاماژەیە بۆ پەیڕەوکردنی و جێبەجێکردنی جیاوازییەکان (سلامە،٢٠٢٠، لا٢٣). لە ناوچەیەکی بچووک و شوینێکی دیاریکراو، گوتاری رقوکینە ئەو کاتە زیاتر کاریگەری دەبێت کە دەگوازرێتەوە بۆ سەر مینبەری راگەیاندن و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، ئەوکاتە مەترسیەکان زیاتر دەبێت. (حسن، ٢٠١٠،لا٤٥).

## 2.1.2: گوتاری ڕقوکینە لە چەواشەکارییەوە تا سەردەمی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان

مێژوو و قۆناغەکانی گوتاری رقوکینە کە زیاتر پشتی بە پروپاگەندە و چەواشەکاری بەستووە لەسەردەمی کۆنەوە تا سەرهەڵدانی میدیای نوێ، سەردەمی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان سەردەمی گەشە و نەشونماکردن و فراوانبوونیەتی. لە سەردەمی میدیای نوێ و تۆڕە کۆمەلایەتیەکان، شێوازەکانی گوتاری رقوکینە و جیاکاری جێندەری گەشەی کردووە بۆ پروپاگەندە و چەواشەکاری زیاتر، هەواڵی بێ بنەما و ناڕاست، کە بەشێک لە شارەزایانی میدیا بە "میدیای زەرد"ی ناو دەبەن، کە پڕە لە ساختەکاری و ناوزڕاندن و رەخنەی بێ بنەما، بۆیە زاناکان ئەو سەردەمەی کە گوتاری رقوکینە لەرێگەی سۆشیال میدیاوە گەشەسەندنی زیاتر و رووبەرووی زۆرتری داگیرکردووە، بە مەترسی و هەڕەشەی گەورەی سەر دیموکراسی دەزانن (حسين،٢٠١٩،ص٤٣).

لە ئەنجامی دەمارگیریی چەندین دیاردەی جیاکەرەوەمان بەرچاو دەکەوێت وەك حاڵەتەکانی: زیندووکردنەوەی کۆیلەیی و تاوانەکانی، هەروەك چۆن داعش لەگەڵ کەسانی دیکە کردی، هەروەها چەسپاندنی شێوازەکانی ئیتنی وەکو رەنگدانەوەکانی دەمارگیری بە حاڵەتی پیادەکردنی لەسێدارەدان و تیرۆرکردنی تۆڵەسەندنەوە، جا چ ئەوەی لەچوارچێوەی یاسا، یان

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لە دەرەوەیدا بێت، وەکو بڵاوکردنەوەی گوتاری رقلێبوونەوە و ئەنجامدانی تاوانەکانی رق و شێوازەکانی دەرکردن، یان لابردنی رەگەزپەرستانە و تاوانی کۆمەڵکوژی و پاکتاوی ئیتنی هەروەك چۆن بەرامبەر کورد و کریستیان و ئێزیدی و مەندائییەکان ئەنجام درا (زاید،٢٠٠٧،ص٨٩). باوترین حاڵەتی دەمارگیری و رەگەزپەرستییەکەی بەگشتی لە گۆڕەپانی مرۆییدا دیارە بریتییە لە ئەم شێوەو حاڵەتانەی خوارەوە (الحکیم،٢٠٠١،ص٥٦):

**1.2.1.2: دەمارگیریی ئایینی یان تایفەگەری:** لە راستیدا مرۆڤایەتی لە روانگەی لێبوردەیی و پێکەوەژیانەوە سەیری جەوهەری ئایین و ئایینزاکانی کردووە، بەڵام رقلێبوونەوە و حاڵەتی دوژمنکاری و ململانێ لەگەڵ بەرامبەردا بۆ گوتاری دەمارگیریی دەگەرێتەوە کە پەیوەستە بە لۆژیکی توندرەویی سەنتراڵیی(من) کە کەسی بەرامبەر دەسرێتەوە، بۆیە لێرەدا حاڵەتی سەنگەرلێگگرتن و دوژمنکاریی و ململانێکانیان دێتە ئاراوە.

**2.2.1.2: دەمارگیریی ئیتنی، یان نەتەوەیی، یان عەشیرەتگەری:** بریتییە لە دەمارگیری کە لەسەر بنەمای خۆهەڵکێشانە بە داکۆکیکردن لەوەی سەر بە ئیتنێك، یان نەتەوەیەك، یان عەشیرەتێکە، ئەو خەیاڵی شتێك دەکات و لایەنگرانی پێ گومڕا دەکات لە رێی سەنگەرگرتن کە تاقمەکەی لە دەوروبەری جیادەکاتەوەو دەیخاتە باری ناکۆکی و ململانێ لەگەڵ ئەو دەوروبەرەدا لە تاکەکانی گروپە نەتەوەیی، یان عەشیرەتێکی دیکە.

**3.2.1.2: دەمارگیریی فیکریی سیاسی:** بریتییە لە داخرانی بیرکردنەوەی تاکرەوییانە کە سووکایەتی بە رای بەرامبەر دەکات و دانان بە هاورێکەی، یان گفتوگۆکردن لەگەڵیدا رەتدەکاتەوە. لە ناوەرۆکدا دەمارگیریی سیاسی خاوەنەکەی پاڵدەدات کە بە رای حزبەکەیەوە پابەندبێت بێ چاوخشاندنەوە و تەگبیر، کە پێی وا بێت دیدو بۆچوونی حزبەکەی بە تەواوی راست بێت، لەکاتێکدا لایەن و هێزە سیاسییەکانی دیکە بەکرێگیراون بۆ بەرژەوەندیی دوژمنانی نیشتمان و گەل یان تایفەیەك و رەنگە زۆرجار ئەمە لە وڵاتانی دواکەوتووی لاواز و دوور لە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

مەدەنییەت و هەندێ جار ئەم کارە بە ئایین پەردەپۆش بکرێت هەروەك لای حزبە تایفەگەرییە سیاسییەکان لە ئارادایە

**4.2.1.2: دەمارگیریی کۆمەڵایەتی:** وەك حاڵەتی دەمارگیریی ژنان بۆ ژنان، پیاوان بۆ پیاوان و پیادەکردنی لەسەر بنەمای جیاکاریی جێندەری، هەروەها لەسەر رەوشی هەردوو رەگەز لە حاڵەتی کوشتار لە جیاتی هاوکوفی و یەکسانی، هەروەك جوداکاریی و رەگەزپەرستی دژی کۆچبەران و رەوەندەکان

**3.1.2: گوتاری ڕقوکینە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی هەرێمی کوردستان**

لەگەڵ زۆربوونی ژمارەی بەکارهێنەری تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان بەکارهێنانی زمانی زبر تەنها لە بواری سیاسەت نەماوەتەوە، بەڵکو زیاتر تەشەنەی کردووە بۆتە کەرەستەی دروستبوونی گوتاری ڕق و کینە لە نێوان پێکهاتە نەتەوەیی و ئاینییەکان، هەروەها لە نێوان ناوچە و شارەکان، بە تایبەتیش ئەو دابەشبوونە جوگرافیەی لێکەوتەی دابەش بوونە سیاسیەکەیە، تێکەڵبوونی وشە و دەستەواژەی زبر تا دەگاتە جوێندان و هێرش کردنە سەر کەسایەتی و ژیانی کەسی مرۆڤەکانی گرتۆتەوە (قادر،٢٠٢٢).

یەکێک لە هۆکارە دیارەکانی بەربڵاویی گوتاری ڕق وکینە لە تورە کۆمەڵایەتییەکان ئەوەیە بەکارهێنەران دەتوانن لە ژێر ناوی ساختە و خوازراو، بەناوی ترو کەسایەتیی شاراوە لە پلاتفۆرمە جیاجیاکان بەشداربن، ئەمەش بوار دەکاتەوە کە هەرچی دەیانەوێت، لە گوتاری پڕ ڕقوکینە و داخلەدڵی، بەسەر هەر کەسێکدا هەڵبرێژن، کە دەبێتە ئامانجیان(کاکایاردون و اخرون، 2015، ل 14)

لە توێژینەوەیەکی زانستیدا هاتووە کە لەسەر گوتاری ڕقوکینە لە تۆڕە کۆمەلایەتییەکان ئەنجامدراوە بۆ میدیای سێبەری پارتە سیاسیەکان لە هەرێمی کوردستاندا دەڵێ" ڕێژەیەکی بەرز لە گوتاری ڕقوکینە لە بڵاوکراوەی میدیای سێبەری پارتە سیاسیەکاندا هەیە، بەشێوەیەک ڕۆژانە 10 بابەتی هەڵگری ڕقوکینە بڵاودەکەنەوە، کە شێوازی دەربڕینی ئەو گوتارانە بە پلەی یەکەم دەچێتە خانەی ڕق وکینە، واتە ڕاستەوخۆ هێرش و پەلامار وسوکایەتی و قسەی ناشرینی

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

تێدایە، ڕێژەیەکیش دەچێتە خانەی هاندان بۆ ڕق و کینە" هەر لەهەمان توێژینەوەدا هاتووە کە بڵاوکراوە میدیاییەکان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بە پلەی یەکەم، هێرش و زمانی زبر بەرانبەر یەکدی بەکارهاتووە، ئینجا ناوو ناتۆرە و پاشان سوکایەتی بە یەکتری.( هواس&نجار، ٢٠٢٥: ل١٣٥)

بەشێکی زۆری دەزگاکانی ڕاگەیاندنی ناوخۆیی، بانگخوازان،زانایان، لە کوردستان گوتاری ڕق و کینە بڵاودەکەنەوە، مەترسییەکانی دەستپێکردنی کردەوەی توندوتیژی لە ناوچەکەدا، چ لە ناوچەیەکی بچووکدا بێت یان بەشێوەیەکی ڕێکخراو، بەشیوەیەکی بەرچاو بەرزدەکاتەوە.(یەزدا، ٢٠٢٤: ل٢٢).

## 4.1.2: بەرەنگاربوونەوەی گوتاری رقوکینە لە بەڵگەنامە نێودەوڵەتیی و پەیماننامە جیهانییەکاندا

ناکرێت باسی بەرەنگاربوونەوەی گوتاری رقوکینە بکەین، بەبێ گەڕانەوە بۆ پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان، کۆمیسۆنی مافە شارستانی، مەدەنییەکان لە چوارچێوەی ڕاسپاردەی نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەنجوومەنی باڵای مافی مرۆڤ، بەمشێوەیە گوتاری رقوکینە پێناسە دەکات: هەر گوزارشتێک کە بڵاودەکرێتەوە، هاندان و دژایەتی تێدا بێت بەمەبەستی جیاکاری لەسەر بنەمای ڕەنگ و ڕەگەز و نەتەوە، دەچێتە ڕیزی گوتاری رقوکینە.

### 1.4.1.2: گوتاری رقوکینە لە یاسای نێودەوڵەتییدا

یاسای نێودەوڵەتی مرۆیی، گەشەسەندوو لەبواری یاسادانان، گوتاری رقوکینە و هاندان بە تاوان وەسف دەکات، ئەم گەشەسەندنە لە (ڕاگەیاندنی جیهانی مافی مرۆڤ) کە لەسەر یەکسانی و نەهێشتنی جیاکاری و هەروەها مافی مرۆڤە لەسەرجەم مافە ئازادییەکان، جگە لە ڕەگەز و ڕەنگ و زمان و ئاین و ڕای سیاسی...هتد بەبێ جیاوازی. لە ماددەی ١٩ـی بەڵگەنامەی مافی مرۆڤ بەڕوونی ئاماژە بە مەترسییەکانی گوتاری رقوکینە دەکات، هەروەها لە بڕگەی ٢ لە ماددەی ٢٠ بەلینامەی نێودەوڵەتی تایبەت بە مافە شارستانی و سیاسیەکان کە کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان کاری پێدەکات، هەندێ کۆت و بەند و دسپلینی لەسەر ئازادی رادەربڕین داناوە

و قەدەخەی گوتاری رقوکینە و هاندان دەکات بەناوی ئازادی رادەربرینەوە، کە بانگەشەن بۆ گوتاری رقوکینەی نەتەوەی و رەگەزپەرستی و ئاینی و جیاکاری و دوژمنایەتی توندوتیژی. (مالپەری فەرمی ویلایەتە یەکگرتووەکان، لەسەر ئۆنلاین)

## یەکەم: پەیماننامەی نێودەوڵەتیی بۆ مافە شارستانییەکان

-ویلایەتە یەکگرتووەکان، چەند یاسا و پەیماننامە و راسپار و بریاری هەیە لەبارەی قەدەخەکردن و بەرەنگاربوونەوەی گوتاری رقوکینە. (ماڵپەری فەرمی رێکخراوی مافەکانی مرۆڤ، سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکات).

- رێکەوتننامەی ئەمەریکی بۆ مافەکانی مرۆڤ، هەموو بانگەشەیەک بۆ هاندانی توندوتیژی دەکرێت ریبان لێ بگرێت. ماددەی ١٣ هەموو بانگەشەیەک بۆ جەنگ و رقوکینەی دینی و هاندانی توندوتیژی پێویستە ریبان لێ بگیرێت

- رەشنووسی قەڵاچۆکردنی گوتاری رقوکیینە لەسەر تۆرە کۆمەڵایەتییەکان:

کۆمیسۆنی یەکێتی ئەوروپا لە ٢٠١٦ لە برۆکسل ، کۆبوونەوەیەکی فراوانی بۆ بەشێک لە کۆمپانیاکانی تەکنەلۆژیا وتۆرەکانی پەیوەندیکردن رێکخست، بۆ چۆنیەتی قەڵاچۆکردنی گوتاری رقوکینەی نایاسایی لەسە ر تۆری ئینتەرنێت، ئەو کۆمپانیانەی بەشداربوون(توویتەر، گۆگڵ، فەیسبووک، مایکرۆسۆفت).

ئەم رەشنووسە دەڵێت: "هەموو رەفتارێک کە تێیدا هاندانێکی ئاشکرای تێدا بێت رقوکینەی ئاراستەکراو بەرامبەر بە کەسێک یان کۆمەلێک، بە پشت بە ستن بە جیاکاری رەگ و ریشە و رەنگی جیاواز."

## دووهەم: بەرەنگاربوونەوەی گوتاری ڕقوکینە لە بنەما ئیتیکییەکانی میدیادا:

ڕووبەڕووبوونەوە و بەرەنگاربوونەوەی قسەی ڕقاوی پێویستییە. پێویستی بە ڕێبازێکی گشتگیر و کۆکردنەوەی کۆمەڵگا بە گشتی هەیە. قسەکردن بە توندی دژی قسەی ڕق لێبوونەوە، پێویستییەکی ئەخلاقییە بۆ هەموو تاک و ڕێکخراوەکان- لەوانەش میدیا، کۆمپانیاکانی ئینتەرنێت ڕۆڵێکی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

چارەنووسسازەی هەیە لە بەرەنگاربوونەوەی ئەم بەڵایە. کاری لە پێشینەی میدیا بریتییە لە ڕێگریکردن لە بڵاوکردنەوەی هەر گوتارێک کە دەچێتە چوارچێوەی ڕقوکینەوە ، لەبەرامبەر ئەمەدا کۆمەڵێک کۆد و بنەمای ئیتیکی لە میدیادا هەن کە پێویستە میدیا و دەزگاکانی میدیا کار لەسەر ئەم بنەما و پرەنسیپە ئیتیکیانە بکەن ئەوانەش:

١. **پابەندبوون بە بێلایەنی و بابەتیبوون:** میدیا دەبێت بە شێوەیەکی بابەتیانە و ورد هەواڵ و زانیاری بخاتەڕوو، دوور بکەوێتەوە لە لایەنگری یان دەستکاریکردنی ڕاستییەکان، شێواندنی ڕاستییەکان و نایەکسانی لە بڵاوکردنەوەی بیروبۆچوون، جۆرێک ئەبێت لە سەرهەڵدانی گوتاری ڕق و کینە.

٢. **ڕێزگرتن لە شکۆمەندیی مرۆڤ:** پێویستە میدیاکان ڕێز لە شکۆمەندیی هەموو تاکەکان بگرن، و خۆیان لە هەر زمانێک یان دەربڕینێکی هێرشبەرانە یان سووکایەتیکردن بەدوور بگرن، چونکە ئەرکی میدیاکارانە ڕێز لە نهێنییەکانی ژیانی تایبەتی تاکەکەس و بەرژەوەندییەکانی بگرێت (ئەیڤەس، ٢٠١٣: ل١٧٠)

٣. **جیاکاری نەکردن:** دەزگاکانی ڕاگەیاندن نابێ بە پێی ڕەگەز، ئایین، ڕەگەز، یان هەر تایبەتمەندییەکی تر جیاکاری لە دژی تاکەکان یان گروپەکان بکەن و پێویستە خۆیان لە هەر دەربڕینێکی هەوکردن یان ڕق لێبوونەوە بەدوور بگرن. (ئەیڤەس، 2017)

٤. **ڕێگریکردن لە توندوتیژی:** دەزگاکانی ڕاگەیاندن نابێت توندوتیژی و هەڕەشە بەرەوپێش ببەن، و خۆیان لە هەر ناوەڕۆکێک بەدوور بگرن کە ڕەنگە ببێتە هۆی ئەو توندوتیژییانە.

٥. **پابەندبوون بە بنەمای ئیتیکی میدیا:** ( وردی، ڕاستی، یەکسانی، دادپەروەری، بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی). (مەجید، ٢٠٢٢:ل٦٣)

## 2.2: تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و بڵاوبوونەوەی گوتاری ڕقوکینە

### 1.2.2: تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان

بڵاوبوونەوەی ئینتەرنێت بەشێوەیەکی جەماوەری تاوەکوو هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو دەستی پێنەکرد، یەکەمین بەکارهێنانی ئینتەرنێت لە ساڵی 1968 بوو لە پرۆژەیەکی وەزارەتی بەرگری ئەمریکا کە گەیاندنیان لە نێوان چوار کۆمپیوتەر دروستکرد، لەسەرەتادا تەنها لە بواری

سەربازیدا بەکاردەهات، دواتر وەزارەتی بەرگری ئەمریکا ڕێگەی دا لە ناوەندەکانی توێژینەوە و زانکۆکان بەکاردێت، لەدوایی ساڵی 1985 بەکارهێنانی ئینتەرنێت لە ڕێگەی کۆمپیوتەری کەسی personal computer پەرەی سەند و ڕۆژ بە ڕۆژ ژمارەی بەکارهێنەران ڕووی لە زیادبوون کرد (Joseph 2015, 11) . چەمکی تۆڕە کۆمەلایەتییەکان (social networks)، دەرهاویشتەی کۆمەڵێک پێگەی سەر تۆڕەکانی ئنتەرنێتە، کە لەگەڵ نەوەی دووەمی وێب web_2.0ناسراوە، ئەم پێگانە لە ژینگەیەکی گریمانەییدا پەیوەندی لە نیوان تاکەکان دروستدەکەن، بەکارهێنەرانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بە پێی خولیا، شار، زانکۆ، خوێندنگا، کۆمپانیا و شوێنی کار...هتد لە ژینگەی تۆڕ و پێگە ئەلیکترۆنییەکاندا، کۆدەبنەوە و زانیاریی و پەیامەکانییان دەگۆڕنەوە(عبدالله،٢٠٢٤:ل٦٠)، مێژووی تۆڕە کۆمەلایەتییەکان سەرەتا لەسەر ئاستی کەسی سەریهەڵدا دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی ١٩٩٥لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەلایەن قوتابیەکی زانکۆ بەناوی (ڕاندی کۆنرادز)، کە ئەو کات ئەم تۆڕەی بۆ مەبەستی پەیوەندی کردن لەگەڵ هاوڕێکانیدا دروستکرد.دواتر لەسەر ئاستی کەسی نەمایەوە و پەرەی سەند تاکو لە ساڵی ١٩٩٧ بوو بە پێگەی ئەلیکترۆنی (Six degrees) لەلایەن (ئەندرۆ وایەرنیش) دامەزرا بۆ مەبەستی هاوبەشیکردنی زانیارییەکان و ئاڵوگۆڕکردنیان (sciencepad, 2024)، ئەم تۆڕە بەردەوام لە پەرەسەندن و نوێبوونەوەدا بووە و هەتا ئەمڕۆ چەندین پلاتفۆرم دروستبوونەو هەندێکیان ناویان گۆڕاو و بەردەوام لە پێشکەوتن و خۆ نوێکردنەوەدان، تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان وەکو پلاتفۆرمێکی ئەلیکترۆنی یان دیجیتاڵی وان کە بەکارهێنەرانی ئەتوانن لە ڕێگەی ئنتەرنێتەوە پەیوەندی بەیەکترەوە بکەن، زانیاری و ئاڵوگۆڕی بیروبۆچوونەکانی خۆیان بکەن، یاخوود گفتوگۆ لەسەر زانیاری، بیرۆکەی هاوبەش، بابەتێکی دیاریکراو بکەن، کەوایە ئەم تۆڕە وەکو خزمەتگوزارییەکیی گشتی دەتوانێت پەیامەکان وەک( وێنە، ڤیدیۆ، دەنگ، وشە، ناوەڕۆک) بۆ کۆی بەکارهێنەرەکانی بلاوبکاتەوە، ئەتوانین بڵێین بڵاوکەرەوەیەکی خێرای پەیامەکانە. تا ساڵی ٢٠٢٤ تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان زیاتر لە پێنج ملیار بەکارهێنەری جیهانی هەبووە کە یەکسانە بە زیاتر لە ٦٢%ی دانیشتوانی جیهان (datareportal,2024)، ئەمەش ئەو ئەپانە یان ماڵپەڕانە دەگرێتەوە کە بۆ نامە ناردن و ئاڵوگۆڕی زانیاری، بیروڕا و چات دیزاین کراون، تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان خۆی دەبینێتەوە لە (فەیسبووک , ئینستاگرام, و تیک تۆک، یوتیوب،

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

سناپچات، ئێکس...هتد). بەکارهێنانی ئەم ڕێژەیە لە سەر ئەم هێڵە و بڵاوکردنەوەی پەیامەکانییان دەرخەری ئەوەیە کە هەر جۆرە گوتارێک بۆ بڵاوکردنەوە کاریگەرییەکەی بە پێی جۆری گوتارەکەیە، بەتایبەت ئەگەر هاتوو ئەم تۆڕە پەیامەکانی بە ئاراستەی گوتاری ڕقوکینە بێت بەرامبەر بە تاک، گروپ، کۆمەڵەیەکی دیاریکراو.

### 2.2.2: پێکهاتەی ئێزیدی

ئەگەر بە ڕەگ و ڕیشەی پێکهاتەی ئێزیدیدا بچینە خوارەوەو سەیری داب و نەریت، سروتی ئایینی و قەولەکانیان بکەین ئەو ڕاستییە دەبینین کە ئێزیدی گوزارە لە ڕەسەنایەتی کورد دەکەن.ئەوانەی باوەڕیان بە یەک ڕیشەیی کوردو ئێزیدی هەیە، پێیان وایە ناوی ئێزیدی لە باوەڕبوون بە (ئێزدان) هاتووە و هەر لەم ڕوانگەیەوە خۆیان دەڵێن ئێزدایی یان ئێزدانی، بەڵام هەندێک وشەی یەزیدی بەکاردەهێنن بۆ ئێزیدییەکان (غەریب، ٢٠١٦). ئێزیدی (ئێزدییە) یەکێکە لە ئایینە کۆن و نهێنییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. ئەوانەی ئەم ئایینە دێرینە دەپارێزن بە ئێزدی ناسراون. ئێزدییەکان بە شێوەزاری کرمانجیی زمانی کوردی قسە دەکەن و زۆربەیان لە کوردستانی زێدی خۆیان دەژین. لە ئێستادا خاکی مێژوویی کوردستان لە نێوان چوار دەوڵەتی هەرێمایەتیدا دابەشکراوە - تورکیا، ئێران، عێراق و سوریا. ئەمڕۆ زۆربەی ئێزدییەکان لە باشووری کوردستان (باکوری عێراق) دەژین: دەوروبەری دهۆک، قەزای شێخان، نزیک موسڵ و لەسەر چیای شنگال. جگە لەوەش ئێزدییەکان لە باشووری ڕۆژئاوای کوردستان (باکوری سوریا) نیشتەجێ بوون؛ لە باکور و باکووری ڕۆژئاوای کوردستان (باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیا)، هەروەها لە ئەرمینیا، جۆرجیا، فیدراسیۆنی ڕووسیا، ئۆکرانیا، ئەمریکا، ئەڵمانیا و وڵاتانی دیکەی ڕۆژئاوای ئەوروپا. بەگوێرەی سەرچاوە جیاوازەکان، ژمارەی ئێزدییەکان لە سەرانسەری جیهاندا یەک ملیۆنی تێدەپەڕێنێت (Holy lalish, 2008:p4). پێش هێرشی داعش، ژمارەی دانیشتوانی ئێزیدی لە شنگال نزیک بوو لە نیو ملیۆن کەس. بەڵام زۆرینەی بەهۆی ئەو شەڕەوە ئاوارە بوون و کەم کەسیش سەرەڕای شکستی گروپی تیرۆرستی داعش گەڕاونەتەوە سەر ماڵ و حاڵی خۆیان. تا ساڵی 2021 زیاتر لە 200 هەزار ئێزیدی لە کەمپی ئاوارەکان لە ناوچەکانی دیکەی عێراق گیریان خواردو و زیاتر لە 100 هەزاری دیکەش کۆچیان کردووە یان داوای مافی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پەنابەرێتییان بۆ دەرەوەی وڵات کردووە. پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت کە ئێزیدییەکان وەک پێکهاتەیەکی ئایینی لە مێژوودا ڕووبەڕووی پلەی جیاواز لە گوتاری ڕق و کینە بوونەتەوە و دوای لەشکرکێشییەکەی ساڵی ٢٠٠٣ بە سەرکردایەتی ئەمریکا بۆ سەر عێراق لەلایەن توندڕەوانی ئایینی ناویان لێنابوو" شەیتانپەرست."(داود، ٢٠٢٢)

## 3.2.2: کاریگەری پەیامی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر ئێزیدییەکان

پەیام و ناوەڕۆکی بەسێک لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کاریگەری خراپیان هەبووە لە تێکدانی ئاشتی کۆمەڵایەتی لەنێو پێکهاتەی کۆمەڵگەی کوردستانی، پشتیان بە گروپ و کەسانێک بەستووە کە پێیان دەوترێت "سوپای ئەلیکترۆنی"، ئەرکی پەرەپێدانی ناوەڕۆکی میدیای ڕقاوییان پێسپێردراوە لە بەرامبەر بڕە پارەیەکی زۆردا. هاندەری شەڕی ناوخۆ و ململانێ و دووبەرەکی لە نێوان تاکەکان و پیشاندانی وێنای پێکهاتەکان وەک بەرەی یەکلاکەرەوەی کێشە سیاسیەکان نموونەی زەقی ئەم پەیامانەن لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان. لە هەرێمی کوردستاندا هەزار و ٤٤٢ کەناڵی ڕاگەیاندن بە مۆڵەت و تۆمارکراو هەن. زۆرینەی میدیاکانی کوردستان وەک کەناڵی هەواڵی پێناسەی خۆیان دەکەن.

بێگومان تۆڕی کۆمەڵایەتی سەکۆیەکی سەرەکییە هەرچەندە دەکرێت گوتاری ڕق و کینە یان قسەی ئاگراوی لە ڕێگەی تەلەفزیۆن و چاپکراو و دیواربەند و تاوتوێشەوە بێت.(پلاسخارت،٢٠٢٣).

پێکهاتەکانی ئایینی و نەتەوەیی لە کوردستان، بانگەشەی ئەوە دەکەن، کە میدیاکان بەجیاوازی پاشخانی سیاسییانەوە، مامەڵەی جیا لەگەڵ پرسی پێکهاتەکاندا دەکەن. توێژەر "ڕێبین فەتاح" لە بەدواداچوونێکیدا لەمەڕ ناوەڕۆکی میدیایی پێوەست بە پێکهاتەکان لە میدیاکانی هەرێمی کوردستان دەڵێت: "بژاردەی پێکهاتەکان بەشێوەیەکی جددی لەو بابەتانەدا دەردەکەون کە پێوەستن بە پێکهاتەکانەوە، بەڵام ئامادەیی بژاردەی پێکهاتەکان لەناو ڕووماڵی پرسە گشتییەکاندا دەگمەنە." (مەجید، ٢٠٢٤) ئەوەش بە بۆچوونی ئەو، مانای وایە: "میدیا پێکهاتەکان وەک گرووپێکی پەراوێز و لەدەرەوەی ژیان و بەشداری گشتی وێنا دەکات. ئەوان کەسانێکن لەدەرەوەی سنوری خۆیان، مافی بەشدارییان لە ژیانی گشتیدا نییە و بەو جۆرەیش پێویست

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ناکات لە پرسە سەرەکی و گشتییەکانی کۆمەڵگادا قسە بکەن و ڕۆڵیان پێ بدرێت."، دواجار ئەم جۆرە جیاکارییە بە یەکێک لە ڕێگاکانی دروستبوونی گوتاری ڕق و کینە دادەنرێت. سەعید جەردۆ کەسایەتی ئێزدی و سەرۆکی بنکەی لالش-ی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی لە دهۆک، لەبارەی وروژاندنی پرسی ئێزدییەکان لە میدیای کوردی، بۆ دوای جینۆسایدەکەی ٢٠١٤ دەگەڕێتەوە و لەو کاتەوە، میدیاکانی هەرێمی کوردستان بوون بە سەکۆیەک بۆ خستنەڕووی تاوانەکانی دژ بە ئێزدییەکان و ئەو بارودۆخە سەختەی دووچاری بوون. "میدیاکان بەرانبەر بە جینۆسایدکردن و ئەو دەردەسەرییانەی دووچاری ئێزدییەکان هاتوون، تاڕادەیەک چالاک بوون و پەیامی ئێزدییەکانیان بە کۆمەڵگەی ناوخۆیی و جیهانی گەیاند، بەڵام بە سەد لە سەدیش نا." (مەجید، ٢٠٢٤).

"ئێزدییەکان زۆر جار ڕووبەڕووی گوتاری ڕق و کینە و توندوتیژی بوونەتەوە و تاوانیش بەرامبەریان کرا هەر بە هۆکاری ئەو گوتارە، دەستەی مافی مرۆڤیش بایەخێکی گەورە بە پێکەوەژیان و جۆراوجۆریی ئایین و بناغەکانی مافی مرۆڤ دەدەین و هەموو ڕاسپاردە و تێبینییەکان نووسراون بۆ ڕەشنووسی یاسایی ڕق و کینە".(یاقۆ، ٢٠٢٣).

### 4.2.2: گۆتاری رقوکینە و چۆنیەتی ڕووبەڕووبوونەوەی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا

گوتاری ڕق و کینە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا کێشەیەکی گەورە و کارەساتێکی مەترسیدارە بۆ ئایندەی پێکهاتە ئاینی و نەتەوەیی و مۆزایکی لە هەرێمی کوردستان، بۆیە زۆر گرنگە ڕێگری بکرێت لە بڵاوکردنەوەی ئەم جۆرە گوتارانە، لێرەدا چەند ڕێگاو ڕێکارییەک دەخرێتە ڕوو سەبارەت بە ڕووبەڕووبوونەوەی و کەمکردنەوەی ئەم جۆرە گوتارانە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا:

1- سڕینەوەی ئەو ئەکاونتانەی کە هانی رقوکینە دەدەن، لە ڕێگەی ئەو ڕەشنووسە.
2- بۆ ڕێگریکردن لە توندوتیژی لە ڕێگەی هەڵمەتی فراوان بەردەوام بن لە هۆشیاری بەکارهێنەرەکانیان.
3- ڕێوشوێنی یاسایی بۆ هەماهەنگیکردن لە سڕینەوەی گوتاری رق و کینە و توندڕەوی.(ڕۆژنامەی وەقائع،٢٠٠١،ژ:٢٢)

لێکۆڵینەوەکان ئاشکرایان کردووە یەکێتی ئەوروپا بیر لە گرتنە بەری چەند ڕێوشوێنێکی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

یاسایی دەکاتەوە بۆ دروستکردنی هەماهەنگی لە سڕینەوەی گوتاری ڕق و کینەو هاندانی توندوتیژی لە سایتە ئەلکترۆنییەکان وەك فەیسبووك و تویتەر و گۆگڵ، ئەمەش وایکردەوە کۆمپانیاکان ڕوبەڕووی فشاری بەردەوام ببنەوەو هەوڵدەدەن بەزووترین کات بڵاوکردنەوەی گوتاری توندوتیژی و ڕقئامێز و هەواڵی هەڵبەستراو ناڕاست لەسەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان نەهێڵن.

کۆمسیۆنی ئەوروپی لە کۆتاییەکانی ساڵی ٢٠١٧ دا ڕەشنوسی دۆکیومێنتێکی ئامادەکردووە کە چەند ڕێوشوێنێکی خستۆتە ڕوو بۆ چارەسەرکردنی ئەو بێ سەروبەری و شاراوەییە یاساییەی پەیوەستە بە نەهێشتنی ئەو پێگە ئەلکترۆنییانەی ناوەرۆکی نایاسایی بڵاو دەکەنەوە. (هردو، ٢٠١٦، لا٩٠). کۆمپانیا بەناوبانگەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانهاوشێوەی فەیسبووك و یوتیوب و تویتەر و مایکرۆسۆفت لە ٢٠١٧/٦/٢٧ ڕایانگەیاند کە گروپێکی کاری جیهانییان پێکهێناوە بۆ یەکخستنی هەوڵەکانیان بەمەبەستی سڕینەوەی ناوەڕۆکی توندوتیژ ئامێز لەسەر پێگە ئەلکترۆنییەکانیان. ئەمەش وەك بەدەنگەوە هاتنی ئەو فشارانەی لەلایەن حکومەتانی ئەوروپا و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەسەرییانە دوای ئەو زنجیرە هێرشەی گروپە توندڕەوەکان ئەنجامیان دا ، ئەو کۆمپانیایانە جەخت لەوە دەکەنەوە کە بڕیاریان داوە بەشێوەیەکی توندوتۆڵ هاوکاری پشپۆڕانی بواری قەڵاچۆکردنی تیرۆر بکەن، هەورووەها ئاڵوگۆڕی ڕێگەچارە تەکنیکییەکان بکەن بۆ سڕینەوەی ناوەڕۆکی تیرۆریستی (دوملی،٢٠٢٠،لا٦٧).

## تەوەری سێیەم:
## کردەنینامەی تویژینەوە

لایەنی پراکتیکی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە بەکارهێنانی ئامرازی فۆرمی ڕاپرسی، کە لە دوو بەشی سەرەکی پێکهاتووە، بەشی یەکەم: پرسیارە دیمۆگرافییەکانی توێژینەوەکەیە، بەشی دووەم بریتییە لە (١١) پرسیاری تایبەت بە توێژینەوەکە و بەسەر (٢٠٠)کەس لە کۆمەڵگەی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئێزیدی دابەشکراوە. دواى وەرگرتنەوەی وەڵامی پرسیارەکان شیکردنەوەی داتا و زانیاری بۆکراوە.

## 1.3: زانیاریی دیمۆگرافی

خشتەی (١) ڕوونی دەکاتەوە زانیاری دیمۆگرافی: دەردەکەوێت بەرزترین ئاستی ڕەگەز بریتیە لە ڕەگەزی نێر و لە پلەی دووەم ڕەگەزی مێ دێت، ڕێژەکە جیاوازییەکی زۆری نیە، بەڵام ڕەگەزی نێر زیاتر بەکارهێنەری تۆڕە کۆمەلایەتییەکانن، هەندیجار ڕێگریکردن لە بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەلایەن خیزانەکانەوە بۆ سەر ڕەگەزی مێ هۆکارە بۆ ئەم ڕێژە کەمەی ڕەگەزی مێ.

بەرزترین ئاستی تەمەن بریتیە لە تەمەنی نێوان (١٨ – ٢٥) بە ڕێژەی (%51.0) ، هۆکاری ئەم ڕێژە زۆرە ئەوەیە ئەم تەمەنە زیاتر چالاکن لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و مەیلی بەکارهینانیان زیاترە. بە پلەی پێنجەم و کۆتایی تەمەنی ٥٠ساڵ و زیاتر دێ کە تەنها ٥ کەس لەو تەمەنەدایە، بەلگەیە لەسەر ئەوەی ئەم تەمەنە مەیلێکی زۆر کەمیان هەیە بۆ ئامرازە نوییەکانی میدیا، ئەوان زیاتر لەگەڵ ئامرازە کۆنەکاندا کارلێکیان هەیە.

بەرزترین ئاستی بڕوانامە بریتیە لە بڕوانامەی زانکۆ بە ڕێژەی (%66.5)، ئەم نەوەیە زیاتر وابەستەن بە ئامرازە نوییەکانی میدیا و تەکنەلۆجیای سەردەم، چونکە دەرچووی ناوەندە ئەکادیمیە باڵاکانن.

لە ڕووی پیشەوە، بە پلەی یەکەم قوتابی دێت بە  بەرێژەی (%36.0) وە فەرمانبەر بەرێژەی (%36.0)  هەروەها بێکار بەرێژەی (%28.0). پیشە کاریگەری زۆری هەیە لەسەر تاکەکانی کۆمەڵگە بەجۆرێک وا دەکات کاتێکی کەمتر لە تۆڕە کۆمەلایەتییەکان بەسەربەرن، کە ئەمەش ڕێگری دەکات لەو گفتوگۆیانەی کە دەبیتە هۆی دروستبوونی پشێوی و گوتاری ڕقوکینە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**خشتەی: 1**

**زانیاریی دیموگرافی**

| زانیاری دیموگرافی | | Fr. | % | پلە | زانیاری دیموگرافی | | Fr. | % | پلە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| **ڕەگەز** | نێر | 106 | 53.0 | 1 | **ئاستی خوێندن** | **بێبڕوانامە** | 6 | 3.0 | 4 |
| | مێ | 94 | 47.0 | 2 | | **بنەڕەتی** | 5 | 2.5 | 5 |
| **تەمەن (ساڵ)** | ١٨ – ٢٥ | 102 | 51.0 | 1 | | **ئامادەیی** | 37 | 18.5 | 2 |
| | ٢٦ – ٣٣ | 72 | 36.0 | 2 | | **زانکۆ** | 133 | 66.5 | 1 |
| | ٣٤ – ٤١ | 16 | 8.0 | 3 | | **خوێندنی باڵا** | 19 | 9.5 | 3 |
| | ٤٢ – ٤٩ | 5 | 2.5 | 4 | **پیشە** | **قوتابی** | 72 | 36.0 | 1 |
| | ٥٠ و زیاتر | 5 | 2.5 | 5 | | **فەرمانبەر** | 72 | 36.0 | 1 |
| | | | | | | **بێکار** | 56 | 28.0 | 2 |
| کۆی گشتی | | 200 | 100 | | کۆی گشتی | | 200 | 100 | |

## 2.3: پرسیارە گشتییەکانی تایبەت بە توێژینەوەکە

خشتەی (٢) پرسیارە گشتییەکانی تایبەت توێژینەوەکە ڕووندەکاتەوە:

دەردەکەوێت بەرێژەی (63.0%) ڕۆژانە بە شێوەیەکی بەردەوام تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەکاردەهێنن، تەنها لە کاتی پێویست بەرێژەی (8.0%) ، ڕۆژانە لە کاتی هەبوونی هەواڵی گرنگ تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەکاردەهێنن. بەریژەی (35.0%)، لێرەدا بە شێوەی بەردەوام ئەو ڕاستیەمان بۆ دەردەخات کە نموونەی توێژینەوەکە بەشێوەیەکی باش ئاگاداری ڕووداوەکان و ئەو گوتارانەن کە ئاڕاستەیان دەکرێت.

لە پرسیاری" لە تۆڕە کۆمەڵایەتییە کوردیەکاندا ڕووبەڕووی گفتوگۆ دەربارەی ئێزدییەکان بوویتەتەوە" بەریژەی (35.0%) بەردەوام لە تۆڕە کۆمەڵایەتییە کوردیەکاندا ڕووبەڕووی گفتوگۆ دەربارەی ئێزدییەکان بوونەتەوە. ئەم ئەنجامە دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کە پێکهاتەی ئێزیدی بەردەوام لەگەڵ بوونی هەر پرسێکی تایبەت بەخۆیان دووچاری گفتوگۆی توندڕەوی بوونەتەوە، ئەمە ڕێگایەکە بۆ زیادبوونی گوتاری ڕق و کینە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەرێژەی (19.5%) پێیان وایە تۆڕە کۆمەڵایەتییە کوردییەکان ڕووماڵێکی هاوسەنگ بۆ ئێزدییەکان دەکات بەڵام بەرێژەی (53.0%) پێیان وایە تۆڕە کۆمەڵایەتییە کوردییەکان ڕووماڵێکی هاوسەنگ بۆ ئێزدییەکان ناکات. کەواتە میدیای کوردی لە بڵاوکراوەکانیدا لایەنی ئیتیکی میدیایی پێشێڵکردووە کە بنەمای هاوسەنگییە.

بەرێژەی (86.5%) پێیان وایە لەم ساڵانەی دواییدا تێبینی زیادبوونی گوتاری ڕق و کینەیان کردووە لەناو تۆڕە کۆمەڵایەتییە کوردییەکاندا. کەواتە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ڕێگایەکی ئاسان بووە بۆ بڵاوبوونەوەی ئەم گوتارانە.

بەرێژەی (80.5%) لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان تووشی قسەی ڕق و کینە لە دژی ئێزدییەکان بوون. ئەمە ڕێژەیەکی زۆرە و پێمان ئەڵێ پەیامی تۆڕە کۆمەلایەتییەکان کاریگەری خراپی هەیە لە زیادبوونی گوتاری ڕق وکینە بۆ سەر پێکهاتەی ئێزیدی و پێویستە ڕێگری لێبکرێت.

بەرێژەی (34.5%) بەشێوەیەکی بەردەوام ڕووبەڕووی ئەو جۆرە قسە ڕقاویانە دەبنەوە هەروەها بەریژەی (33.5%) زۆر بە زوویی ڕووبەڕووی ئەو جۆرە قسە ڕقاویانە دەبنەوە.

لە پرسیاری (کام یەک لەم سەکۆیانە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان گوتاری ڕقوکینە لە دژی ئێزیدییەکان بڵاودەکاتەوە بە پلەی یەکەم و بەریژەی (67.5%) پێیان وایە فەیسبووک یەکێکە لەو سەکۆیانەی کە گوتاری ڕق و کینە لە دژی ئێزیدییەکان بڵاودەکاتەوە هەروەها بەریژەی (18.0%) لە ئنستگرام لەم سەکۆیانەیە کە گوتاری ڕق و کینە لە دژی ئێزیدییەکان بڵاودەکاتەوە. لەبەرئەوەی فەیسبووک بەکارهێنانی ئاسانە و جیاواز لە سەکۆکانی تر بەکارهێنەری زۆرە بۆیە وەکو یەکێک لە سەکۆ کاریگەرەکان هۆکار بووە بۆ گواستنەوەی گوتاری ڕقوکینە.

بەرێژەی (90.5%) لەگەڵ ئەوەدان پێویست ئەکات ڕێسای توندتر لەسەر قسەی ڕق و کینە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە هەرێمی کوردستانن دابنرێت. نەبوونی چاودێری و ڕێوشوێنی پۆلسی وایکردووە دەستەواژە ڕقائامێزەکان لە سۆشیاڵ میدیای کوردی ڕەنگبداتەوە، بۆیە بەکارهێنەرانی ئەم تۆرە داوای دانانی ریسای توند دەکەن بۆ بەرەنگاربوونەوەی گوتاری ڕقوکینە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## خشتەی: 2

## پرسیارە گشتییەکانی تایبەت بە توێژینەوەکە

| پرسیارە گشتییەکان | | Fr. | % |
|---|---|---|---|
| ڕۆژانە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەکاردەهێنیت؟ | بەردەوام | 126 | 63.0 |
| | لە کاتی پێویست | 58 | 29.0 |
| | لە کاتی هەبوونی هەواڵی گرنگ | 16 | 8.0 |
| ئایا لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی هەرێمی کوردستان ڕووبەڕووی گفتوگۆ دەربارەی ئێزدییەکان بوویتەوە؟ | بە دەگمەن | 25 | 12.5 |
| | بەردەوام | 70 | 35.0 |
| | بەرێکەوت | 41 | 20.5 |
| | زۆر بە زوویی | 64 | 32.0 |
| پێت وایە سوشیال میدیای کوردی ڕووماڵێکی هاوسەنگ بۆ ئێزدییەکان دەکات | بەڵێ | 39 | 19.5 |
| | دڵنیا نیم | 55 | 27.5 |
| | نەخێر | 106 | 53.0 |
| ئایا لەم ساڵانەی دواییدا تێبینی زیادبوونی تۆڕە کۆمەڵایەتییە کوردییەکان؟ | بەڵێ | 173 | 86.5 |
| | دڵنیا نیم | 16 | 8.0 |
| | نەخێر | 11 | 5.5 |
| ئایا لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان تووشی قسەی ڕق و کینە لە دژی ئێزدییەکان بوویت؟ | بەڵێ | 161 | 80.5 |
| | دڵنیا نیم | 20 | 10.0 |
| | نەخێر | 19 | 9.5 |
| چەند جار ڕووبەڕووی ئەو جۆرە قسە ڕقاویانە دەبیتەوە | بە دەگمەن | 26 | 13.0 |
| | بەردەوام | 69 | 34.5 |
| | بەرێکەوت | 38 | 19.0 |
| | زۆر بە زوویی | 67 | 33.5 |
| پێت وایە کام یەک لەم سەکۆیانەی خوارەوە زۆرترین گوتاری ڕق و کینە لە دژی ئێزدییەکان بڵاودەکاتەوە | ئنستگرام | 36 | 18.0 |
| | ئێکس | 1 | 0.5 |
| | فەیسبووک | 135 | 67.5 |
| | یوتوب | 24 | 12.0 |
| | هیتر | 4 | 2.0 |
| | بەڵێ | 181 | 90.5 |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانكۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

| | | | |
|---|---|---|---|
| پێتوایە پێویستە ڕێسای توندتر لەسەر قسەی ڕق و کینە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییە کوردییەکان دابنرێت | دڵنیا نیم | 14 | 7.0 |
| | نەخێر | 5 | 2.5 |
| کۆی گشتی | | 200 | 100 |

### 3.3: کاریگەریی گوتاری ڕقوکینە لە دژی ئێزدییەکان لەسەر تێڕوانینی بەکارهێنەرانی سۆشیالمیدیا

خشتەی (٣) ڕوونی دەکاتەوە قسەی ڕق و کینە لە دژی ئێزدییەکان چۆن کاریگەری لەسەر تێڕوانینی تۆ بۆ تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان هەیە. دەردەکەوێت بەریژەی (50.4%) پێیان وایە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەبێتە ئامرازێکی بڵاوکەرەوەی گوتاری ڕق و کینە لە دژی ئێزدییەکان، چونکە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ئەوەندەی بۆمەبەستی بەدەستهێنانی بینەر کاری کردووە بۆ بەپیشەیبوونی پیشەکە کاری نەکردووە، دواجار ئەم مەبەستە کاریگەری خراپی لێکەوتەتەوە و بووەتە هۆکار بۆئەوەی گوتاری ڕقەبەری بڵاوبێتەوە.هەروەها بەریژەی (20.4%) تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەبێتە ئامرازێکی بەهێز بۆ گەیاندنی دەنگی ئێزیدییەکان، هۆکارەکەی بۆ جەنگی دژی ڕیکخراوە تیرۆرستییەکان و ڕووداوەکانی دوای ئەوە دەگەڕیتەوە کە کۆمەڵگەی نیودەوڵەتی بەهۆی پەیامە میدیاییەکان و ئەو بلاوکراوانەی باس لە نەهامەتی و ئازاری ئێزیدییەکان دەکات گواستییەوە و بووەتە دەنگێک بۆیان.هەروەها بەریژەی (29.2%) پەیوەستە بە ئاستی پابەندبوونی تاکەکان بە بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی کە ئەم خالە وابەستەیە بە ئاکار و پەروەردەی تاکەکانەوە لە مامەلە کردن لەگەڵ ئەو پەیامانەی کە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بلاویدەکەنەوە. لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت، تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کاریگەری هەبووە لەسەر زیادبوونی گوتاری ڕق و کینە و بووەتە ئامرازێک بۆ بلاوکردنەوەی ئەم جۆرە گوتارە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**خشتەی: 3**

**کاریگەریی گوتاری ڕقوکینە لە دژی ئێزدییەکان لەسەر تێڕوانینی بەکارهێنەرانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان**

| برگە | Fr. | % | پلە |
|---|---|---|---|
| تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەبێتە ئامرازێکی بڵاوکەرەوەی گوتاری ڕق و کینە | 114 | 50.4 | 1 |
| تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەبێتە ئامرازێکی بەهێز بۆ گەیاندنی دەنگی ئێزیدییەکان | 46 | 20.4 | 3 |
| پەیوەستە بە ئاستی پابەندبوونی تاکەکان بە بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی | 66 | 29.2 | 2 |
| کۆی گشتی | 226 | 100 | |

## 4.3: کاریگەرییەکانی گوتاری ڕقوکینە لەسەر کۆمەڵگەی ئێزدی

خشتەی (4) ڕوونی دەکاتەوە قسەی ڕق و کینە چ کاریگەرییەکی لەسەر کۆمەڵگەی ئێزدی هەیە. دەردەکەوێت بە پلەی یەکەم و بەریژەی (35.7%) نموونەی توێژینەوەکە پییان وایە قسەی ڕق و کینە کاریگەری کلتوری و ئاینی لەسەر کۆمەڵگەی ئێزدی هەیە, چونکە ئێزیدییەکان وەکو پێکهاتەی ئاینی ، ئاینەکەیان داخراوە و یەکێکە لە ئاینە جینەتیکییەکان(بۆماوەیی)زۆر بەکەمی گەشە دەکەن، گەشەکردنەکە لەڕیگەی هاوسەرگیری و وەچەخستنەوەیە لە ناوخۆیی پێکهاتەکە، واتە وەکو ئاینە بانگەوازخوازەکان(تەبشیرییەکان) نییە تاکو لە ڕیگەی بانگەوازەوە بانگەشەی ئاینەکەیان بکەن و گوتارەکان کاریگەری خراپیان لەسەر کەمبوونەوەی شوێنکەوتەکانی ئاینەکە هەیە. بە پلەی دووەم بەریژەی (27.4%) قسەی ڕق و کینە کاریگەری کۆمەڵایەتی لەسەر کۆمەڵگەی ئێزدی هەیە، وایکردووە ببێتە هۆکاری کۆچڕەوی ئەم پێکهاتەیە و دوورکەوتنەوەی خێزانەکان لەیەکتر. هەروەها بە پلەی سێیەم و بەریژەی (26.6%) پێیان وایە قسەی ڕق و کینە کاریگەری دەروونی لەسەر کۆمەڵگەی ئێزدی هەیە. چونکە بەردەوام ترسیان لە چەندبارەبوونەوەی کۆمەڵکوژی هەیە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**خشتەی: 4**

**کاریگەرییەکانی گوتاری ڕقوکینە لەسەر کۆمەڵگەی ئێزدی چین؟**

| برگە | Fr. | % | پلە |
|---|---|---|---|
| کاریگەری دەروونی | 103 | 26.6 | 3 |
| کاریگەری کۆمەڵایەتی | 106 | 27.4 | 2 |
| کاریگەری کلتوری و ئاینی | 138 | 35.7 | 1 |
| کاریگەری ئابووری | 40 | 10.3 | 4 |
| کۆی گشتی | 387 | 100 | |

### 5.3: هەنگاوەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییە کوردییەکان بۆ چارەسەری گوتاری ڕقوکینە

**خشتەی** (5) ڕوونی دەکاتەوە تۆڕە کۆمەڵایەتییە کوردییەکان دەبێ چ هەنگاوێک بنێن بۆ چارەسەرکردنی قسەی ڕق و کینە. بە پلەی یەکەم بەریژەی (30.8%) ی کوردی پێیان وایە دەبێ هەنگاوی گرتنەبەری ڕێوشوێنی یاسایی بنێت بۆ چارەسەرکردنی قسەی ڕقوکینە, ئەوان پێیان باشە یاسا هەبێت بۆ سزادانی ئەو کەس و لایەنانەی گوتاری ڕقەبەری بڵاودەکەنەوە. هەروەها بە پلەی دووەم و بەریژەی (26.0%) سۆشیال میدیای کوردی دەبێ هەنگاوی دانانی ڕێوشوێنە پۆلسیەکان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و ناساندنی دەستەواژەکانی گوتاری ڕق و کینە بنێت بۆ چارەسەرکردنی قسەی ڕقوکینە. ئەمە وەکو گرتنەبەری ڕێکارێکی ئەلیکترۆنی هەنگاوێکی باشئەبێ لە چارەسەرکردن و کەمکردنەوەی گوتاری ڕقوکینە. هەرچی (بایەخدان بە خوێنەواری دیجیتاڵی و بڵاوکردنەوەی هۆشیاری& دروستکردنی پەیوەندی و هاوکاری لەگەڵ ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ) لە پلەی سێیەمی هەنگاوە چارەسەرییەکان دێن، 21.6% نموونەی توێژینەوەکە پێیان وایە ئەگەر خوێدەواری دیجیتاڵی و هۆشیاری هەبێ لەلایەن تاکەکانەوە زۆر بە ئاسانی دەتوانرێ ڕێگری بکرێ لە تەشەنەکردن، لەلایەکی ترەوە بوونی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی دەتوانن لۆبی دروستکەن لەسەر کۆمەڵگەکان و حکومەتەکان بۆ بەرەنگاربوونەوەی گوتاری ڕقوکینە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

### خشتەی: 5

### هەنگاوە چارەسەرییەکان بۆ پرسی گوتاری ڕقوکینە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی هەرێمی کوردستان

| برگە | Fr. | % | پلە |
|---|---|---|---|
| دانانی ڕێوشوێنە پۆلسیەکان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و ناساندنی دەستەواژەکانی گوتاری ڕق و کینە | 101 | 26.0 | 2 |
| بایەخدان بە خوێندەواری دیجیتاڵی و بڵاوکردنەوەی هۆشیاری | 84 | 21.6 | 3 |
| دروستکردنی پەیوەندی و هاوکاری لەگەڵ ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ | 84 | 21.6 | 3 |
| گرتنەبەری ڕێوشوێنی یاسایی | 119 | 30.8 | 1 |
| کۆی گشتی | 388 | 100 | |

## 6.3: پەیوەندیی نێوان تۆڕە کۆمەڵایەتییە کوردییەکان و ئێزدییەکان و زانیارییە دیمۆگرافییەکان

خشتەی (6) روونی دەکاتەوە پەیوەندی نێوان (لە تۆڕە کۆمەڵایەتییە کوردییەکاندا ڕووبەڕووی گفتوگۆ دەربارەی ئێزدییەکان بوویتەوە) و زانیاری دیمۆگرافی بە بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی کایی (Chi-square test). دەردەکەوێت پەیوەندیەکی ئاماری بەڵگەداری نیە لە نێوان گۆڕاوەی (لە تۆڕی کۆمەڵایەتی کوردی ڕووبەڕووی گفتوگۆ دەربارەی ئێزدییەکان بوویتەوە) و زانیاری دیمۆگرافی) لەبەر ئەوەی ئاستی بەڵگەداریان (p-value) گەورەترە لە (0.05).

### خشتەی: 6

### پەیوەندیی نێوان تۆڕی کۆمەلایەتی کوردی ئیزیدی و زانیارییە دیمۆگرافییەکان

| زانیاری دیمۆگرافی | | بەدەگمەن | بەردەوام | بەرێکەوت | زۆر بە زووی | ئاستی بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | Fr.(%) | Fr.(%) | Fr.(%) | Fr.(%) | |
| ڕەگەز | نێر | 13 (52.0) | 38 (54.3) | 17 (41.5) | 38 (59.4) | 0.349 |
| | مێ | 12 (48.0) | 32 (45.7) | 24 (58.5) | 26 (40.6) | |
| تەمەن (ساڵ) | ١٨ – ٢٥ | 12 (48.0) | 37 (52.9) | 15 (36.6) | 38 (59.4) | 0.281 |
| | ٢٦ – ٣٣ | 10 (40.0) | 25 (35.7) | 15 (36.6) | 22 (34.4) | |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | ٣٤ – ٤١ | 2 (8.0) | 5 (7.1) | 8 (19.5) | 1 (1.6) | |
| | ٤٢ – ٤٩ | 1 (4.0) | 1 (1.4) | 1 (2.4) | 2 (3.1) | |
| | ٥٠ و زیاتر | 0 (0.0) | 2 (2.9) | 2 (4.9) | 1 (1.6) | |
| | | 0 (0.0) | 2 (2.9) | 2 (4.9) | 2 (3.1) | |
| **ئاستی خوێندن** | بێبڕوانامە | 2 (8.0) | 1 (1.4) | 1 (2.4) | 1 (1.6) | 0.856 |
| | بنەرەتی | 6 (24.0) | 12 (17.1) | 5 (12.2) | 14 (21.9) | |
| | ئامادەیی | 15 (60.0) | 48 (68.6) | 29 (70.7) | 41 (64.1) | |
| | زانکۆ | 2 (8.0) | 7 (10.0) | 4 (9.8) | 6 (9.4) | |
| | خوێندنی باڵا | 10 (40.0) | 31 (44.3) | 10 (24.4) | 21 (32.8) | |
| **پیشە** | قوتابی | 9 (36.0) | 26 (37.1) | 15 (36.6) | 22 (34.4) | 0.245 |
| | فەرمانبەر | 6 (24.0) | 13 (18.6) | 16 (39.0) | 21 (32.8) | |
| | بێکار | 13 (52.0) | 38 (54.3) | 17 (41.5) | 38 (59.4) | |
| کۆی گشتی | | 25 (100) | 70 (100) | 41 (100) | 64 (100) | |

### 7.3: پەیوەندیی نێوان تۆری کۆمەڵایەتی کوردی ئیزیدی و پرسیارە گشتییەکان

خشتەی (7) روونی دەکاتەوە پەیوەندی نێوان (لە تۆری کۆمەڵایەتی کوردی ڕووبەڕووی گفتوگۆ دەربارەی ئێزدییەکان بوویتەوە) و و پرسیارە گشتییەکان بە بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی کایی (Chi-square test). دەردەکەوێت پەیوەندیەکی ئاماری بەڵگەداری هەیە لە نێوان گۆراوەی (لە تۆری کۆمەڵایەتی کوردی ڕووبەڕووی گفتوگۆ دەربارەی ئێزدییەکان بوویتەوە) و هەریەک لە پرسیارەکانی (تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەکاردەهێنیت- پێت وایە تۆری کۆمەڵایەتی کوردی ڕووماڵێکی هاوسەنگ بۆ ئێزدییەکان دەکات- ئایا لەم ساڵانەی دواییدا تێبینی زیادبوونی گوتاری ڕق و کینەتان کردووە لەناو تۆری کۆمەڵایەتی کوردی- ئایا لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان تووشی قسەی ڕق و کینە لە دژی ئێزدییەکان بوویت- ئەگەر بەڵێ، چەند جار ڕووبەڕووی ئەو جۆرە قسە ڕقاویانە دەبیتەوە) لەبەر ئەوەی ئاستی بەڵگەداریان (p-value) بچوکترە لە (0.05)

گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## خشتەی: 7

## پەیوەندیی نێوان تۆڕی کۆمەڵایەتی کوردی ئێزیدی و پرسیارە گشتییەکان

| پرسیارە گشتییەکان | | بەدەگمەن Fr.(%) | بەردەوام Fr.(%) | بەرێکەوت Fr.(%) | زۆر بە زووی Fr.(%) | ئاستی بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ڕۆژانە چەند جار تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانبەکاردەهێنیت | بەردەوام | 12 (48.0) | 53 (75.7) | 20 (48.8) | 41 (64.1) | 0.017 |
| | لە کاتی پێویست | 12 (48.0) | 15 (21.4) | 15 (36.6) | 16 (25.0) | |
| | لە کاتی هەبوونی هەواڵی گرنگ | 1 (4.0) | 2 (2.9) | 6 (14.6) | 7 (10.9) | |
| پێت وایە تۆڕە کۆمەڵایەتییە کوردییەکان ڕووماڵێکی هاوسەنگ بۆ ئێزدییەکان دەکات | بەڵێ | 6 (24.0) | 15 (21.4) | 5 (12.2) | 13 (20.3) | 0.000 |
| | دڵنیا نیم | 12 (48.0) | 8 (11.4) | 20 (48.8) | 15 (23.4) | |
| | نەخێر | 7 (28.0) | 47 (67.1) | 16 (39.0) | 36 (56.3) | |
| ئایا لەم ساڵانەی دواییدا تێبینی زیادبوونی گوتاری ڕق و کینەتان کردووە لەناو تۆڕە کۆمەڵایەتییە کوردییەکان | بەڵێ | 17 (68.0) | 65 (92.9) | 33 (80.5) | 58 (90.6) | 0.003 |
| | دڵنیا نیم | 3 (12.0) | 3 (4.3) | 7 (17.1) | 3 (4.7) | |
| | نەخێر | 5 (20.0) | 2 (2.9) | 1 (2.4) | 3 (4.7) | |
| | بەڵێ | 17 (68.0) | 62 (88.6) | 25 (61.0) | 57 (89.1) | 0.002 |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ئایا لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان تووشی قسەی ڕق و کینە لە دژی ئێزدییەکان بوویت | دڵنیا نیم | 3 (12.0) | 3 (4.3) | 10 (24.4) | 4 (6.3) | |
| | نەخێر | 5 (20.0) | 5 (7.1) | 6 (14.6) | 3 (4.7) | |
| ئەگەر بەڵێ، چەند جار ڕووبەڕووی ئەو جۆرە قسە ڕقاویانە دەبیتەوە | بە دەگمەن | 10 (40.0) | 3 (4.3) | 9 (22.0) | 4 (6.3) | 0.000 |
| | بەردەوام | 5 (20.0) | 37 (52.9) | 6 (14.6) | 21 (32.8) | |
| | بەڕێکەوت | 4 (16.0) | 10 (14.3) | 21 (51.2) | 3 (4.7) | |
| | زۆر بە زوویی | 6 (24.0) | 20 (28.6) | 5 (12.2) | 36 (56.3) | |
| پێت وایە کام یەک لەم سەکۆیانەی خوارەوە زۆرترین گوتاری ڕق و کینە لە دژی ئێزیدییەکان بڵاودەکاتەوە | ئنستگرام | 4 (16.0) | 16 (22.9) | 5 (12.2) | 11 (17.2) | 0.847 |
| | ئێکس | 0 (0.0) | 0 (0.0) | 0 (0.0) | 1 (1.6) | |
| | فەیسبووک | 17 (68.0) | 44 (62.9) | 29 (70.7) | 45 (70.3) | |
| | یوتوب | 3 (12.0) | 8 (11.4) | 7 (17.1) | 6 (9.4) | |
| | هیتر | 1 (4.0) | 2 (2.9) | 0 (0.0) | 1 (1.6) | |
| پێتوایە پێویستە ڕێسای توندتر لەسەر قسەی ڕق و کینە لە تۆڕی کۆمەڵایەتی کوردیدا دابنرێت | بەڵێ | 21 (84.0) | 66 (94.3) | 34 (82.9) | 60 (93.8) | 0.428 |
| | دڵنیا نیم | 3 (12.0) | 3 (4.3) | 5 (12.2) | 3 (4.7) | |
| | نەخێر | 1 (4.0) | 1 (1.4) | 2 (4.9) | 1 (1.6) | |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| کۆی گشتی | 25<br>(100) | 70<br>(100) | 41<br>(100) | 64<br>(100) | |

## دەرئەنجامەکانی توێژینەوە

1. زۆربەی نموونەی توێژینەوەکە تێبینی زیادبوونی گوتاری ڕق و کینەیان کردووە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، بۆیە ئەنجامەکە دەریدەخات تۆڕە کۆمەڵایەتییە کوردییەکان لە ڕێگەی پەیامەکانییەوە کاریگەری خراپییان هەبووە لە بڵاوکردنەوەی ئەم جۆرە گوتارانە و نەیانتوانوە ڕیگری لێبکەن.
2. ئەو گوتارانەی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییە کوردییەکان لە هەرێمی کوردستان بڵاودەکرێنەوە، کاریگەری کلتوری و ئاینی هەبووە لەسەر پێکهاتەی ئیزیدی وبە پلەی دووەم کاریگەری کۆمەلایەتی هەبووە، کە ئەم کاریگەرییە وا دەکات سروشتی پێکەوە ژیانی ئاینی و کۆمەڵایەتی لە هەرێمی کوردستان کاڵ بکاتەوە، یاخوود ئەم کاریگەرییە ببیتە هۆکار بۆ کۆچی پێکهاتە ئاینی و نەتەوەیەکان لە هەرێمی کوردستان
3. تۆڕە کۆمەڵایەتییە کوردییەکان لە هەرێمی کوردستان بووەتە ئامرازێکی بڵاوکەرەوەی گوتاری ڕق و کینە، لە نێویاندا فەیسبووک وەکو سەکۆیەک لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا زۆرترین گوتاری ڕقوکینەی تێدا بڵاوکراوەتەوە دەرهەق بە ئێزیدییەکان و بووەتە هۆکارێکی سەرەکی بۆ تەشەنەکردنی گوتاری ڕق و کینە.
4. تۆڕی کۆمەڵایەتی کوردی لە هەرێمی کوردستان نەیتوانییوە بەشێوەیەکی هاوسەنگ و بێلایەن پرسی ئێزیدییەکان بگوازێتەوە و پێشێلی بنەما ئیتیکییەکانی کاری ڕۆژنامەنووسیان کردووە.
5. گرتنەبەری ڕیو شوێنی یاسایی لە هەرێمی کوردستان بە یەکێک لە ڕیگە چارەسەرییەکان دادەنرێت بۆ ڕووبەڕووبونەوەی گوتاری ڕق و کینە دەرهەق بە ئێزیدییەکان.
6. زۆربەی نموونەی توێژینەوەکە لەگەڵ دانانی ڕێوشوێنە پۆلسیەکانن لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و ناساندنی دەستەواژەکانی گوتاری ڕق و کینەن، بۆئەوەی ڕێگری بکەن لە بڵاوبوونەوەی گوتاری ڕق و کینە.

## پێشنیاز و ڕاسپاردەکانی توێژینەوە

- توێژینەوەی زیاتر بکرێت لە بواری میدیا دەربارەی گوتاری ڕقوکینە و بڵاوبوونەوەی لە سۆشیاڵ میدیا
- توێژینەوە بکرێت لەسەر هۆکارەکانی زیادبوونی گوتاری ڕق و کینە لە سۆشیاڵمیدیای کوردی.
- میدیای کوردی بەتەواوی پابەندی بنەما ئیتیکییەکانی کاری میدیایی بێت بەتایبەت هاوسەنگی و بێلایەنی.
- کارکردن لەسەر بەرزکردنەوەی هۆشیاری میدیاکارانی کوردی بە پرسەکانی هەمەجۆری و ئاڵنگارییەکانی، لە ڕێگەی ڕاهێنانی زیاتر لەسەر بابەتە هەمەجۆرەکان و ڕاهێنانی ڕووبەڕووبوونەوەی گوتاری ڕق و جیاکاری لەسەر بنەمای ئایینی و نەتەوەیی
- کار بکرێت بۆ دانانی ڕێوشوێنی لێپرسینەوە و بەدواداچوون و چاودێریکردن و هەڵسەنگاندن لە سۆشیاڵ میدیای کوردی
- ڕێ و شوێنی یاسایی بگیرێتەبەر لە دژی ئەوانەی گوتاری ڕق و کینە بڵاودەکەنەوە

## سەرچاوەکان:

### سەرچاوە کوردییەکان

عبدالله، شۆڕش ئەنوەر، ٢٠٢٤: "کاریگەری فەیسبووک لەسەر ئازادیی باوەڕ لای گەنجانی هەرێمی کوردستان"، نامەی ماستەر- زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر- میدیا.

غەریب، دیار. ٢٠١٦. خوێندنەوەیەکی نوێ بۆ مێژووی کوردستان. چاپی یەکەم: چاپخانەی ئازادی-سلێمانی

قادر، ئاسۆ حاجی.٢٠٢٢. ڕۆڵی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان لە تەشەنەکردنی گوتاری ڕق و کینە لە هەرێمی کوردستان.- نامەی ماستەر، زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر.

ماڵپەڕی تایبەت بە مافەکانی مرۆڤ سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکانی ئەمریکا. مادده و بڕگەکانی مافی مرۆڤ. دەستگەیشتوو ٢٣-٤-٢٠٢٥. https://www.un.org/en/about-us/universal-declaration-of-human-rights

مەجید، ئاشنا دڵشاد.٢٠٢٢ . ئاستی پابەندبوونی میدیاکاران بە پرەنسیپەکانی ئیتیک و یاسای میدیا لە هەرێمی کوردستان، نامەی ماستەر-زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر-بەشی تەکنیکی میدیا.
مەجید، ئاشنا دڵشاد، ٢٠٢٤ " میدیا و پێکهاتەکان؛ داخوازی و نیگەرانی"، وتاری بڵاوکراوە. دەستگەیشتوو ٢٨-٤-٢٠٢٥
https://www.regaykurdistan.com/index.php/wtar/mydya-w-p-khat-kan-dakhwazy-w-nyg-rany
یەزدا، ڕێکخراوی. ٢٠٢٤. "لە ژێر هەڕەشەی بەردەوامدا؛ وتاری رقوکینە لە دژی کۆمەڵگەی ئێزیدی لە عێراق و هەرێمی کوردستانی عێراق"، بڵاوکراوەکانی ڕێکخراوی یەزدا بە پاڵپشتی ڕێکخراوی نیودەولەتی کۆچ لە عێراق.
ئەیفەس، شوان ئادەم، 2005. ئیتیك لە رۆژنامەوانیی کوردییدا؛ رۆژنامەی هاوڵاتی (2000-2002 وەك نمونە)، سلێمانی، لەبڵاوکراوەکانی بەڕێوەبەرایەتی چاپ و ڕاگەیاندنی سلێمانی.
ئەیفەس، شوان ئادەم، 2020. مافی ژیانی تایبەت لە یاسا و ئیتیکی ڕۆژنامەگەریدا، چاپخانەی سارا، سلێمانی، لە زنجیرە چاپکراوەکانی ڕێکخراوی چاودێریی میدیای کوردی.
ئەیفەس، شوان ئادەم، 2020. ئازادییەکانی دەربڕین و ڕۆژنامەگەریی لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا. لە چاپکراوەکانی فیدراسیۆنی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی.
ئەیفەس، شوان ئادەم، 2024. لە پاسەوانییەوە بۆ پارتیزانی؛ ئاماژەکانی گەشەپێدانی میدیایی لە هەرێمی کوردستانی عێراق لە ماوەی نێوان 1991-دا2021. لە چاپکراوەکانی ڕێکخراوی کوردستان دیالۆگ، سلێمانی.
هواس،عمار نجم الدین& نجار، صباح احمد، 2025. "گوتاری ڕقائمێز لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا، پەڕەی سێبەری پارتە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان لە فەیسبووک وەک نموونە"-گۆڤاری زانکۆی کۆیە بۆ زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان، بەرگی 8، ژمارە 1
باعەدری، کاروان،٢٠٢٣،هەرێمی کوردستان دژی گوتاری ڕق و کینە و توند دەوستێت، ڕاپۆرتی دەستڕاگەیشتوو، ١٨-٧-٢٠٢٥ https://www.kdp.info/a/d.aspx?l=13&a=136701.
پلاسخارت، جێنین، ٢٠٢٣. گوتاری ڕق و کینە.. ڕۆڵی میدیا و تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان لە بەرەنگاربوونەوەی، دەستگەیشتووە ٢٠-٤-٢٠٢٥
https://www.rozhnamawany.com/article/9/272

## سەرچاوە عەرەبییەکان


حسن، هاشم. ٢٠١٠. الاعلام العراقي حريةالتعبير والوصول الى المعلومة،هيئة الاعلام والاتصالات،بغداد.
حسين ، ندى عمران . ٢٠١٩، خطاب الكراهية في الصحافة العراقية دراسة تحليلية ، الى مجلس كلية الاعلام في جامعة بغداد وهي جزء من متطلبات الحصول على صحافة درجة دكتوراه فلسفة في الاعلام.
الحكيم، فواز منصور. ٢٠٠١. "سوسيولوجيا الاعلام الجماهيرى، دار اسامة للنشر والتوزيع، الاردن.
داود، سامان.٢٠٢٢. معاناة الايزيديين مستمرة والمجرم هذه المرة وسائل التواصل الاجتماعي. الوصول ٣١٠٣٠٢٠٢٢. https://amwaj.media/ar/article/yezidi-women-auction-is-social-media-platforms
الدوملى، خدر . ٢٠٢١. "دليل لتجنب خطاب الكراهي، مكتبة خانى، دهوك.
زايد، احمد.٢٠٠٧ " صور من الخطاب الدينى المعاصر، دار العين للنشر والتوزيع، القاهرة.
سلامه.٢٠٢٠ :قاموس الكراهية، مصطلحات تضرب السلم الإجتماعي في العراق تأليف :بيت الإعلام العراقي جميع الحقوق محفوظة للكاتب.
سلوم، سعد. ٢٠١٩. "تنوعنا الدينى؛ وسائل الاعلام والقضايا الاقليات الدينية"، لەلایەن ڕێکخراوی پاڵپشتی میدیای نێودەوڵەتی (IMS) بڵاوکراوەتەوە
السنونى، ثريا. ٢٠٢٠ "معالجة خطاب الكراهية في وسائط الاعلام الجديدة زمن الكورونا :الموقع الرسمى لمنظمة الآمم المتحدة مثالا)، جامعة الشارقة) الامارات العربية المتحدة.
محمد، بوقشور. ٢٠١٦ "افلاس الخطاب نتيجة منطقية لتمييع العمل السياسي" دار الفجر للنشر و التوزيع.
مرصدالاعلام في الشرق الاوسط و شمال افريقيا،٢٠٢١
مركز هردو لدعم التعبير الرقمي. ٢٠١٦ "خطابات الكراهية .. وقود الغضب، نظرة على مفاهيم أساسية فيا لإطارالدولي"
مزوز، أ.كريمة. ٢٠١٩ "خطاب الكراهة من خلال وسائل الاعلام و أثره على مسألة حماية المؤسسات الإعلامة زمن النزاعات المسلحة-جامعة أم البوقي
اليونيسكو، ٢٠١٥. مكافحة خطاب الكراهية في الانترنت، باريس، :اصدارت مكتب ) اليونيسكو باللغة العرب
كاكاياردون، اغينيو و اخرون، 2015، مكافحة خطاب الكراهية في الانترنيت، ترجمة: صابر تروات، فرنسا، سلسلة اليونسكو حول حرية الانترنيت.


## 2.5: سەرچاوە ئینگلیزییەکان


Aivas, S. A. W., 2017. Kurdish journalism cultures, Doctoral dissertation, Nottingham Trent University.
Aivas, S. A., 2020. KURDISH JOURNALISM CULTURES: Shifting Boundaries of Privacy Understandings amongst Professional Role Orientations of Journalists. LAP LAMBERT Academic Publishing.
Aivas, S. A., 2022. Media development and its indicators; the Iraqi Kurdistan Region between 1991-2021 as an example. Twejer Journal, 5(2), pp.895-982.
*Aivas, S. A., 2023. Social Networks and Misusing Kurdish Language. Journal of Zmanawany at CIHAN UNIVERSITY SULAIMANYAH, 02, Pp. 23-27. https://sulicihan.edu.krd/files/2024/01/%D8%B2%D9%85%D8%A7%D9%86%DB%95*

*%D9%88%D8%A7%D9%86%DB%8C-%DA%98%D9%85%D8%A7%D8%B1%DB%95-2-1.pdf*

Aivas, S.A. and Abdulla, M.K., 2021. *The Effects of Media Language Using of Comedian Program Audiences of Kurdish Televisions; BEZMÎ BEZM Program at KurdMax TV As A Case Study*. *Journal of University of Raparin*, *8*(1), pp.144-186.

Aivas, S.A., Hussein, H.H.S., Yaqub, K.Q. and Salih, A.M., 2025. Civil Liberties and Natural Resources; Media Freedom among Developing Countries as a Case Study. *International Journal of Research and Innovation in Social Science*, *9*(3), pp.1316-1331.

Aivas, S.A.W., 2014. Kurdish online journalism: shifting boundaries of privacy rights during the coverage of the 2014 general election campaigns. Breaking Boundaries 2014: First Annual Professional Research Practice Conference, Nottingham Trent University, and 15 May 2014.

Datareportal, 2024: website: https://datareportal.com/reports/digital-2024-global-overview-report

HUSSEIN, H. H. S., AIVAS, S. A., AHMED, R. K., YAQUB, K. Q., & SALIH, A. M., 2025. Journalistic objectivity in the Kurdistan region of Iraq: examining the relationship between journalists and politicians. British Journal of Interdisciplinary Research, 2(3), 149–171. https://doi.org/10.31039/bjir.v2i3.28

Joseph, Sethunya Rosie. 2015. Advantages and disadvantages of Egovernment implementation: literature. International Journal of Marketing and Technology.

Pirbari ‹Dimitri؛ Grigoriev ‹Stanislav. *Holy Lalish, 2008 (Ezidian temple Lalish in Iraqi Kurdistan*

Sciencepad, 2024: website https://sciencepod.net/when-was-social-media-invented/#:~:text=Social%20media%20has%20a%20long,MySpace%20in%20the%20early%202000s.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print) :ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی

# The impact of social networking messages on the increase in hate speech against the Yazidis in the Kurdistan Region

**Avan Faris Asaad**
Department of the Media, College of Arts, Salahaddin University - Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
Email: Avan.asaad@su.edu.krd

**Ashna Dilshad Majid**
Department of Media Technique, Technical College of Management
Erbil Polytechnic University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
Email: ashna.majeed@epu.edu.iq

## Abstract
The purpose of this study was to explore the effects of social media on the increase of hate speech. The study aimed to identify the factors that influence the dissemination of hate speech against Yazidis on social media. To achieve this, the Yazidi community was selected as the research population, with a sample of 200 Yazidi citizens. The study utilized a survey form for data collection, and the results were analyzed using the SPSS statistical software. The researchers reached several conclusions: a majority of the participants noted an increase in hate speech on social media .Most of the research samples noticed an increase in hate speech on social networks, so the results show that Kurdish social networks through their messages had a negative impact on the spread of such speech and could not prevent it. The discourses published on Kurdish social networks in the Kurdistan Region have had a cultural and religious impact on the Yazidi community and secondly a social impact, they have a social impact that affects the nature of religious and social coexistence in the Kurdistan Region, or this influence may lead to the migration of various religious and ethnic groups within the Kurdistan Region.

***Keywords**: influence, hate speech, social media (networks), Yazidi community*

گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# تأثير رسائل مواقع التواصل الاجتماعي على تزايد خطاب الكراهية ضد الإيزيديين في إقليم كردستان

**ملخص:**

هدفت هذه الدراسة إلى تحديد آثار رسائل مواقع التواصل الاجتماعي على تزايد خطاب الكراهية. وحددت العوامل المؤثرة في انتشار خطاب الكراهية على هذه المواقع ضد الإيزيديين. ولتحقيق هذا الهدف، تم اختيار المجتمع الإيزيدي كمجتمع للبحث. وبلغت عينة البحث (200) مواطن إيزيدي. ويعتمد هذا البحث على المنهج الوصفي لنتائج المسح باستخدام استمارات استبيان .لاحظت معظم عينات البحث تزايدًا في خطاب الكراهية على مواقع التواصل الاجتماعي، لذا تُظهر النتائج أن شبكات التواصل الاجتماعي الكردية، من خلال رسائلها، كان لها تأثير سلبي على انتشار هذا الخطاب ولم تتمكن من منعه .كان للخطابات المنشورة على مواقع التواصل الاجتماعي الكردية في إقليم كردستان تأثير ثقافي وديني على المجتمع الإيزيدي، وثانيًا تأثير اجتماعي، مما يُشوّش على طبيعة التعايش الديني والاجتماعي في إقليم كردستان، أو يُسبب هجرة للطوائف الدينية والعرقية.

**الكلمات المفتاحية:** التأثير، خطاب الكراهية، مواقع التواصل الاجتماعي، المجتمع الإيزيدي